لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی گشتیی
ڕۆشنبیری و لاوان ـ ناوچەی کوردستان
١٩٨٧

دیوانی شیعر
١

خۆشەو
رامان

عەلی فەتاح دزەیی

دیوانی شیعر

خرۆشان و ڕامان

علی فتاح دزەیی

١٩٨٧

دیارێ بێ بۆ ئەو دڵانەی

کە گیرۆدەی جوانین و لێوڕێژی

خۆشەویستیی نەتەوەو

نیشتمانن

علی فتاح دزەیی

پێشەکی

مەبەستم لەم پێشەکییەدا ئەوەنیە • کەباسێکی نەزەری لە بارەی هۆنراوەو هەڵبەستەوە بنووسم ، یاخود لەم زەمینەیەدا، لەتاقی کردنەوەی خۆم بکۆڵمەوە • بەڵکو ئەوەندەم مەبەستە کە خوێنەر •• بەشێوەیێکی گشتی بەم کۆمەڵە هەڵبەستانە بناسێنم ، بەتایبەت لەسەردەمێکی وەهادا کە چێژگەی شعری ئەوەندە گۆڕاوە ، هەڵبەستی کوردیی چەند ساڵێك لەمەوبەر بە کۆنە بابەت لەقەڵەمدەدرێ بەهەردوو باری فۆرمو ناوەڕۆکەوە •

ئەم کۆمەڵە هەڵبەستە ، لەسەر دوو جۆرە کێشی شعری ڕێکخراون، یێکەمیان کەبەشی هەرە زۆریەتی لەسەر کێشی پەنجەی کوردییەو بەشیدووەمیشیان ، لەسەر کێشی عەرووزییە • سەردەمی هۆناندنەوەشیان ماوەیێکی درێژ دەگرێتەوە و پارچەی وەهای تێدا هەیە کە لە ساڵی ١٩٥١ دا نووسراوەو هیوایشی تێدا هەیە کە بەرهەمی سەردەمێکی نزیکە •

هەڵبەستەکانی بابەتی یێکەم لە سەر یەکێك لەم کێشانەوە ڕێکخراون :

شەش بڕگەیی (٣+٣) ، هەشت بڕگەیی (٤+٤)، دە بڕگەیی (٥+٥) ، یازدە بڕگەیی (٤+٤+٣) ، دوازدە بڕگەیی (٣+٣+٣+٣) پازدە بڕگەیی (٥+٥+ ٥)•

جگە لەمانەش لەهەندێ هەڵبەستاندا ،وەك (کارەساتی سەربەستی) و (دیسان سەربەستی) کێشێکی هەشت بڕگەیی یان یازدە بڕگەییم هەڵوەشاندۆتەوەو بەکارم هێناوە • بەڵکو ، لە دوو پارچە هەڵبەستی (یادێکی ڕابردوو)و(کۆچی تەمەنی لاوی)دا هیچ یەکێك

له کێشەکانی پەنجە یان عەرووزیم پەیڕەوی نەکردووەو مۆزیقای کێشی هەڵبەستەکانم لە سرووەی مۆزیقی (Rhythm) ی شعری فۆلکلۆری (بەیت و لاوک و حەیران) ەوە خواستۆتەوە ۰
هەڵبەستەکانی عەرووزیی ، ئەو ئەم دیوانەش بەشی زۆریان لەسەر کێشەکانی تەواو یان مەجزووئی ئەم بەحرانەن (رەمەل ، هەزەج،رەجەز) ئەمجا چە (مەقسور) بێ و چە (مەحزووف) ، یان گۆڕانی دیکەیان بەسەردا هاتبێت ۰ لێرەدا دەمەوێ هەلوەستێك لە سەر ئەم دوولایەنانە بکەم : یەکەم : -
بەش بەحالی خۆم کە هەڵبەستم نووسیبێت هەرگیز لەپێشدا کێشی هەڵبەستەکەم دیاری نەکردووە ۰ بەڵکو وەك دەڵێن کێشەکە بەخۆی خۆی سەپاندووە لام وایە ئەمەش شتێکی دەروونییەو پێوەندی هەم بەهەوالی گیانیی شاعیرو هەم بەبابەتی ناوەرۆکی هەڵبەستەکەوە هەیە ۰ چونکە چێژکەی هونەری ماوەی شاعیرنادا کە لە کێشێکی سووك و خێرادا پڕ لە هەواڵێکی دەروونیی ماتو کزدا بکا یان ناوەرۆکێکی داستانی (مەلحەمی Epic) بهۆنێتەوە کەچی ، بەپێچەوانەوە هەر هەڵبەستێکی پڕ لەوروژان و خرۆشانی پڕ لەشادیو خۆشی بکات ،دەبێ لەسەر کێشێکی سووك بهۆنرێتەوە راستییەکەی لەم حاڵەشدا دیسان کێشەکە خۆی دێتە پێش ۰
لایەنی دووەم ؛ کێشەکانی پەنجەی کوردین :
ئەوە ئاشکرایەکەلەکوردستانی عێراقدا ، شعری تازەی کوردی لە (م۰ نووری)و (پیرەمێرد) ەوە دەستی پێ کردووەو (گۆران)ـ گەیاندوویەتییە پلەی ئێستاکەی ۰ کەچی ، لەم ساڵانەی دواییدا ئەم پرسیارە سەری هەڵێناوەتەوە : ئایا گۆران ئەم کێشانەی لە خۆیەوە داهێناون یاخود ئەم کێشانە هەبوون و ئەو سوودی لێوەرگرتوون ؟ لاموایە مەبەستی سەرەکیش لەم پرسیارەدا ئەوە بووە کە دەوری گەورەی (گۆران) لە پێشخستن و پەروەردە کردنی هەڵبەستی کوردیدا بەفۆرم و ناوەرۆکیەوە کەم بکرێتەوە ۰

ئەمجا بۆ حەساندنەوەی ویردانی ئەدەبیم ، دەمەوێ بیروڕای خۆم سەربارەی (گۆران)ی (شاعیر) ، بخەمە بەر چاوی خوێنەر ٠
لە سالی (١٩٤٨) دا ، بۆ یێکەم جار ئەم شـاعیرە گەورەیەم بـە قسە کردن دیتوە ، کە لە گەل چەند برادەرێکی ئەو سام (لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی) بووم ، بۆ ناسینی لە مالی خۆی سەرمان لێداو زۆر بە گەرمی پێشوازی کردین ٠ لـەو کاتەیشدا ، فەرمانبەری میری بوو لە شاری (هەولێر) ٠
راستی‌یەکەی ، ناسیاری‌و ئاشـنایی تەواوم لە گەلّیا ، لە سـالی (١٩٥١) داو ، لـە بەندیخانەی (کەرکووك) دا ، دەستی پـێ کـردووە ٠ چەنـد مانگێك لـەم بەندیخانەیەدا پێکەوە بـووین‌و زۆربەی کـاتی رۆژو شەومان ، بـە گفتوگۆ کردن ، لـە بـارەی شیعری کوردی‌یەوە دەبردە سـەر ٠
ئێستاش بەتەواوی دێتەوە بیرم،کە لەو ماوەیەدا ، دوو هەلبەستی خۆمم نیشاندا ، یەکێکیان بە ناوی (بۆ کۆریا) و ئەویتریان لـە ژێر ناوی (هاوڕێم هاوڕێم) بوو ، کە خراونەتە نێو ئەم کۆمەلە شعرانە ٠ هەلبەستی (بۆ کۆریا)م لە سـەر کێشی یازدە بڕگەیی دانا بوو ٠ دیارە کێشەکەم لە شعرەکانی ئەو ، وەرگرتبوو ٠
زۆر بەوە دلخۆش بوو کە توانیبووم لە سەر ئەم کێشە شیعر رێك بخەم چونکە تا ئەوسا ، هەر ئەو بە کاری دەهێنا ٠
لە بارەی هەلبەستی دووەمیشدا ، رەخنەی ئەوەی لێ گرتم ، کـە لە لایەنی رێزمانەوە ، نابێ بلێم (دەڕۆن بەرەو پێش پێ‌بەپـێ) بەلکو دەبێ بلێـم (هەنگاو بە هەنگاو) ٠ بەلام هـەم سـەبارەت بە قافیەو هەم لەبەر ئەوەی ئەم تەعبیرە لە هەرێمێ (هەولێر)ێ دروسـتە ، دێڕە شعرەکەم وەکو خۆی هێشتەوە ٠
هەروەها ، ئەوەم لە بیرە ، کەپێم گوت زۆر لە هەلبەستەکانی ، لە سەر کێشی ئەو مەقام‌و بەستانەن ، کە لە کاتی شایی ، یان دروێنە کردندا دەگوترێن ٠ لـە وەلامدا ، پشتگیری‌ی قسـەکەی کـردم‌و

گوێی ، ئەم کێشانەو زۆر کێشی دیکەشی لە هەڵپە[illegible]
فۆلکلۆری خوازتۆتەوەو بەکاری هێناون ، ئەمەش [illegible]
ئەوەی کە زۆر لە دەستەکانی لە شعرەکانی رازی ئەبن [illegible]
برادەرێکی ئەدیبی وەك (شـێخ رەئووفی حاڵەلـا ـ ئێستا [illegible]
رەحمەت چووە) ، پێی کوتوە کومالی لەوەدالیە کە [illegible] بەڵام
شێوازی هەڵبەستی (بۆ بلبل)و ئەوانیتری . لە مەقامی شاییدا
دەکەن هەتا وەکو شعری شاعران . کەچی ئەویش لـە ئەنجامدا
کێشی پەنجەی زۆر بەگەرمی پەسند دەکرد . (۱)

هەروەها خۆی بۆمی باس کرد ، کە کێشی پـازدە بڕگەیی . لـە
شعری نوێی عوسمانی وەرگرتوە .
مەبەستم لەوەی پێشـوودا ، ئەمـەیە ، کـە هەرگیز (گـۆران)
نەیکوتووە هەموو کێشەکانی پەنجەی بەخۆی داهێناوە . بەڵام بۆ
ئەوەی مافی رەوای نەخرێتە پشت گوێ پێویستە ئەوە بڵێم . کـە
چۆن (احمد ابن خلیل الفراهیدی) لە شعری عەرەبیدا کێشەکانی
(عەرووزی)ی سۆراخ کردوەو تەفعلیەی بۆ داناون . (۲)
ئەوەهاش (گـۆران) کێشـەکانی پەنجەی لـە شعری فۆلکلۆریـدا
دەستنیشان کردوەو بۆ هەڵبەستی تازەی راهێناون .
هەر بەمەش وازی نەهێناوەو لێرەدا هونەری بەرزی ئەم شاعیرە
خۆی دەنوێنێ، کە لەم کێشانەی فۆلکلۆریو لەو کێشانەی کەشعری
کوردیی پـێ موتوربە کـردووە ، زۆر کێشو ئاوازەی ئێجگار

---

(۱) لەو ماوەی کە لە بەندیخانەی کەرکووك بووم ، زۆر جـاران
خوا لێخۆشبوو (شێخ رەئووف) بۆ دیتنی (گـۆران) دەهاتـە
بـەندیخـانـــە .
(۲) بۆ ئەم مەبەستە بنوارە کتێبی (ئەو بەهاری خانی)مان .

ناسکی داهێناوه ، بۆ وێنه :
بەشی هەرە زۆری بەستەو گۆرانیی فۆلکلۆری ·
له سەر ئەم کێشانەن :
شەش بڕگەیی (٣+٣) حەوت بڕگەیی (٤+٣) هەشت بڕگەیی
(٤+٤) و دە بڕگەیی (٥+٥) ، چواردە بڕگەیی (٧+٧) ·
ئەمجا گۆران ، لە کێشی شەش بڕگەیی ، ئەم کێشەی دوازدە
بڕگەیی دروست کردوە : (٣+٣+٣+٣) :
بڕوانە شاییە چۆپییە لەو ماڵە [٣]
لەم کێشەش ، کێشی یازدە بڕگەیی (٣+٣+٣+٢)ی داهێناوه :
ئەی قژ زەرد ئەی بەژنو باڵای کەڵەگەت [٤]
هەروەها له کێشی هەشت بڕگەیی ئەم کێشه سێزده بڕگەییەی
دروست کردوه که پێنج بڕگەی خستۆته سەری (٤+٤+٥) :

تاوانم کرد گەل پیوەی نام مۆری ناپاکی (٥)

جگە لەمەش ، لە شعری (عەرووزیشدا) ، دەستێکی باڵای هەبوەو لەسەر گەلێك له کێشەکانی ، شعری داناوه ·
لێرەدا دەمەوێ لە بارەی کێشی شعری ئەم لایەنەش روون بکەمەوە بنچینەی کێشی شعری چەندایەتیو چۆنیەتیی ڕیز کردنی بڕگەی دەنگە لە دێڕە شعرێکدا ، کە لەرەی کێشەکە دەدەنەوە · بۆیێکە زۆر کێشی پەنجەیی کوردی هاودەنگو لەرەیان لە کێشەکانی عەرووزیدا هەیە وەکو :

---

٣ ـ هەڵبەستی (گوڵی خوێناوی)
٤ ـ هەڵبەستی (دوا سرنج) ·
٥ ـ هەڵبەستی لە بەندیخانە ·

کێشی حەوت بڕگەیی (٤+٣) ، هــاو ئاهەنگی کێشی (هەزەجی مەجزووئو مەحزووفە،کە ئەمە تەفعیلەکانیەتی: (مفاعیلن فعولن) کێشی یــازدە بڕگەیــی (٤+٤+٣) ، هــەم هــاو لەرەی کێشی (رەجەزی مەقتووعو مەخبوون) • کــە ئەمــەیە تەفعیلەکانی (مستفعلن مستفعلن فعولن) و هەم هاو ئاهەنگی کێشی (سەریعی مەکشــووفو مەتوی) یە ، کــە ئەمانەن تەفعیلەکانی (مستفعلن مستفعلن فاعلن) • هەروەها ،کێشی دوازدە بڕگەیـی (٣+٣+٣+٣) ، هــاو لــەرەی کێشــی (موتــەداریکــی تــەواو المدارك التام)ە • کە تەفعیلەکانی ئەمانەن (فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن) ، بێجگە لەمەش، بۆی هەیە شارەزاکانی شعری نەتەوەکانی موسولمانو شعری نەتەوەکانی رۆژ ئــاوا بتوانن لە کێشەکانــی شعری (Meterical Rhythm,)ی ئەم نەتەوانەو لــە کێشەکانــی شعری نەتەوەکانــی پێشتردا ، چەعەرووزی بنو چــە پەنجەیــی هەندێك لەرەی بنەڕەتی بدۆزنەوە کە هاو ئاهەنگی یێکتربن •

بــۆ وێنـــە :

بێ ئەوەی هیچ شارەزاییم دەربارەی زانیاری عەرووز (Prosody,) ی شعری رۆژ ئاوایی هەبێ ، شاعرە کۆنەکانمان گوتەنی ، هــەر بە سەلیقەی شعری هەست دەکەم کە کێشی هەڵبەستی :

(The charge Of The Light Brigade)ی

شاعری گەورەی ئینگلیز (لــۆرد تەنیسۆن : ١٨٠٩ ـ ١٨٩٢) ، هاوئاهەنگی کێشی حەوت بڕگەیی فۆلکۆریمانە ، کە (گۆران) ، لە هەڵبەستی بەناوبانگی (بــۆ بلبــل) یدا . بەکــاری هێناوە ، ئەمەش وەکو لە پێشەوەدا باســمان کردووە هــاو لەرەی کێشــی (رەجەزی مەجزووئو مەحزووف) ی عەرووزی‌یە •

بۆ چەسپاندنی ئــەم بۆ چوونە ، چەند دێرێــك شــعری فۆلکلۆری دەخەمە بەرچاو کە لە مەقامێکی درووێنەی دەشتی هەولێر ، بەتایبەت خێڵی (دزەیی) وەرم گرتووە ، بەڕێکەوت ناوەرۆکێشی کەمێك لە

ناوەرۆکی هەلبەستەکەی (لۆرد تەنیسون)دەکا • :

« لە شەمزینان هات خەبەر
پێنج سەت سوارن بەدەفتەر
کانەبی‌یە سەر عەسکەر
یاخوا نەمری کانەبی»

دێری چوارەم ، بە درێژایی هەلبەستەکە ، هەمیشە لە دوای سێ دێری هاوقافیەوە دەکوترێتەوە •
ئەمەش چەند دێرێك لە ستانزاییکی هەلبەستەکەی ئینگلیزی‌ی ناوبراوە :

Theirs not to make reply
Theirs not to reason why
Theirs but to do and die
Into the valley of death
Rode the six hundred, • ;;

لە بارەی تەکنیکی قافیەکاریشدا ، (گۆران) بە فۆرمەکانی شعری ئینگلیزی ، فۆرم و قالبی شعری کوردی‌ی تازە کردۆتەوە • بۆیێکە لە دەفتەری شاعیرانی کورددا ، هەمیشە شوێنێکی تایبەت و لاپەڕەییکی تایبەت بۆ ناوی ئەم شاعیرە گەورەیە تەرخان دەکرێ•
بگەڕێمەوە سەر ناساندنی ئەم کۆمەڵە شعرە :
کوو هەلبەستەکان لەسەر کێشی هەمە جۆری پەنجەو عەرووزی رێکخراون ئەوەهاش بابەتی قافیەکانیان هەمە جۆرە،قافیەش تەکنیکێکی هەرە گرنگی شعرو هەلبەستە هەم لە شعری نەتەوەکانی موسولمان و هەم لە شعری نەتەوەکانی رۆژ ئاوادا •

ئەگەرچی نەتەوەکانی خۆر ئاوا بابەتی شعری بێ قافیە (بلانک ڤێرس : Blank Verse) یان لە کەلەپووری شعری یۆنانی کۆنەوە بۆ ماوەتەوە ، _ ئەلیادەو ئودیسە _ بێ قافیەن هێشتا تەکنیکی قافیەکاری روخسارێکی نێجگار نازداری شعری ئەم نەتەوانەیە .

دیارە بنچینەی قافیەش هەر لەرەو مۆزیقای دەنگی دواپیتەکانی ووشەیەو لەم بارەوە لەگەڵ کێشدا یەك دەگرنەوە .

لە زمانەکانی نەتەوەکانی موسوڵماندا ، ئەو ووشانەی کە پیت و نیشانەکانی بزوێنی دووایەوەیان وەکو یێکن . هەمیشە لەرەی دەنگی درکاندنیان وەکو یێکتر دەبێت‌و دەشێ بکرێن ، بە قافیەی دوو میسراع یان دوو بەیتی شعر .

کە چی لە زمانەکانی زۆرلەنەتەوەکانی خۆر ئاوادا ووشەی واهەن کە پیتەکانی دوواوەیان وەکو یێکن ، بەڵام لە درکاندندا هاودەنگی یێکتر نین ، وەکو ئەم دوو ووشانەی ئینگلیزی (Kind) و (Wind) کە پیتەکانی دووا وەیان وەکو یێکن بەڵام شێوەی درکاندنیان جودایەیێکەم‌بە (وند)و دووەمیان بە (کایند) دەخوێندرێتەوە . بە پێچەوانەی ئەمەش ، ووشەی (Breeze)و (Please) ، پیتەکانی دواوەیان لە یێکتر جیاوازە ، کەچی لە درکاندا هاودەنگی یێکترن و بە (پلیز) و (بریز) دەخوێندرێنەوە ئەمجا ، ئەگەر دوو وشەکانی پێشەوەتر ، قافیەی لاواز بەدەستەوە بدەن ، ئەمانەی دووایی ، قافیەی زۆر توندو مەحکەم پێکدەهێنن .

سەرڕای ئەمەش تەکنیکی قافیەکاری ئەوەندە گرنگە شعری هەموونەتەوەکانی‌ناوبراو.بەگوێرەی دامەزراندنی قافیە(Rhyme) لە هۆنراوەکاندا دەکرێ بە چەند بابەت .راستی‌یەکەی شعرەکانیان لە سەر بنچینەی ئەم سێ چەشنەی قافیەکاری دامەزراوە :

١ _ دووانی = مەسنەوی (Couplet) کە ئەمەیە قافیەکانی(AA).

٢ ـ سێیانی = (Tercet) ٠ کە قافیەکانی بەم جۆرەیە (ABA)٠
٣ ـ چوارینی = (Quatrain) کە سێ شێوەی قافیەکاری هەیە :
ا ـ چوارینیی بالاد (Ballad)ی ئینگلیزی، کە ئەمەیە قافیەکانی (ABCB) ، و ٠
ب ـ چوارینی ئینگلیزی (شەکسپیری) ، کە قافیەکانی بەم جۆرەیە (ABAB) و ٠
ج ـ چوارینیی ئیتالی (پەترارکی) ٠ کە شێوەی قافیەکانی ئەمەیە (ABBA) ٠

ئەمجا لە چۆنیەتی تێکهەڵکێشانی ئەم بابەتانەی قافیەکاری ، ستانزا (Stanza)ی شعری دروست دەبێت ، کە بنچینەی فۆرمی سۆنێت (Sonnet) و ئۆد (Ode)و ئیترە ٠

لە شعری ،ەتەوەکانی موسولمانیشدا ، تەکنیکی قافیەکاری هەمان بایەخی هەیەو بەڵکو زۆر پتریش ٠ چونکە لە بنەڕەتا ئەم نەتەوانە شعری بێقافیەیان هەر نەبوەو بەڵکو هۆنراوی بێقافیە هەر بەشعریش نانلسن ٠

دیسان لێرەشدا فۆرمی هەڵبەستو هۆنراوە لە چۆنیەتیی دامەزراندنو ڕیزکردنی قافیەکانی هەڵبەستەکە دروست دەبێت و ناوی تایبەتی وەردەگرێت کە ئەمانەن :

١ ـ قەسیدەو غەزەل ؛ هەموو بەیتەکانیان هاوقافیەن ٠
٢ ـ مەسنەوی: کە ئەمەیە قافیەکانی (اا ٢٢) ٠
٣ ـ چوارینی ؛ کە قافیەکانی بەم جۆرە دەبێ (اا ب ا) ٠
٤ ـ پێنج خشتەکی، کە قافیەکانی بەم چەشنەن (اااا ب ، دددب) دیارە شەش خشتەکیو ئیتریش ٠ هەر لەم بابەتەنە ٠
٥ ـ موستەزاد ، کە ئەمە ، بابەتێکی گرنگی قافیەکاریتی (اب اب جج اب ، دد اب) ...
٦ ـ تەرجیعات : ا ـ تەرجیعبەند کە ئەمەیە وێنەیێکی قافیەکانی (ااااااجج ، ببببببجج)

ب ـ تەرکیب بەند ، کە قافیەکانی وەکو تەرجیع‌بەندە ، بەڵام قافیەی بەیتی تەرجیعی دەگۆڕێ .

٧ ـ موسەممەت کە بەم چەشنە دەهۆنرێتەوە (اااا،بببا ،دددا)و میسراعەکانی دەکرێن بە دوو کەرتی قافیەدار .

٨ ـ (مووەشەح) ، کە موسەممەتێکی لێکدراوەو ئەمەش وێنەیێکی قافیەکاریتی :

ا ا ا ا ا مـس

ب ب ب ب ب مـس

د د د د د مـس

لـەم درێژە پێدانە ئەوەیە ، کـە شـاعیرە مەبەستی سەرەکیم ، ئاگاداری ئەم دوولایەنەی هونەری شعر بین، گەنجەکانی کورد ، هەم لەباری کێش‌و هەم لەباری قافیەکاریدا ، شعری کوردیش ، جۆگەلەیێکەو لە دەریاری بەرینی شعری جیهانی دەکاتەوەو دەبێ نموودو روخسارەکانی ئەسلی‌ی ئەم هونەرەی پێوەوە دیاربێ .

هەڵبەستەکانی نێو ئـەم دیوانەش ، لـەسەر زۆر شـێوەی قافیەکاریدا رێکخراون ئەمجا چە خۆمانەی خۆر هەلاتی بن و چە فۆرمی رۆژ ئاوایی .

ئـەو هەڵبەستانەی کـە قافیەکانیان ناکەوێتە بەرچـاو لەبـەر ئەوەیە وشەکانی هەندێ دێرەکانم لە یێکتر ترازاندوە گەرهات‌و وشەکان خرانەوە شوێنی خۆیان ئەوا قافیەی دێـڕ یـان بەیتـە شعرەکە بەدیار دەکەوێتەوە .

ناوەرۆکی هەڵبەستەکانیش پێویستی ، بە لێوە دوانێک هەیە . بەشـی هـەرە زۆری هەڵبەستەکـان ، ویژدانین ، (Lyric) بەواتای ئەوەی کەبڕ لـە درووژانی هەستی دەروونیم دەکـەن ، لەکاتی هۆنینەوەیاندا ، ئەمجا هەرچی بێت هۆی درووژانەکە .

هەروەها هەلبەستێکی شانۆگەریشی تێدا هەیە ، جگە لەمانەش،
زۆر پارچە هەڵبەستی ئەوتۆی تێدا هەیە کە پڕ لە ڕامانی فکریم
دەکەن ، هەرچۆن بێ باری رامانەکە ٠
بێگومان ، هەڵبەستەکان بەرهەمی ماوەیێکی درێژی شعر دۆستیمن و
لە نێوانی هەندێکیاندا ماوەیێکی زەمانیی سی سالی هەیە ٠

چەند ئاواتە خوازی ئەوەم کە لە کاتی دانانیاندا مێژوو و سەر
دەمی هەر پارچەیێکیانم دیاری بکردایە ٠ ئێستاش کە ئەم ئاواتە
هەرگیز نایێتەدی و بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری جیهانی بیرو
عاتیفەی خاوەنی شعرەکان بێت ، ناچارم کە تەمەنی شعر—
نووسینم بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بکەم ٠

راستییەکەی هەر لە زوێکەوە لەمەراقی شعرو هەڵبستەدا بووم لەسالی
(١٩٤٣ ـ ١٩٤٤) کە لە پۆلی یێکەمی (ناوەندی) بووم ، زۆر
پارچە شعری (حاجی قادرو تاهیر بەگ و ئەدەب و وەفایی و نالی و
شێخ رەزاو موخلیس) م
لەبەر بوو هەتا جار بەجار مەشقی شعر دانانیشم دەکرد ٠ لە
سالی (١٩٤٦) بەدواوە لە زۆر موناسەباتاندا بە پێی توانایی
ئەو سام شعرم نووسیوە ٠ بەداخەوە هیچ نموونەیێکی شعری ئەو
سەردەمەم نە لەلاماوەو نە لەبیرماوە ٠ ئەوەندە هەیە ،
کەسێ موناسەبەتم وەبیر دێنەوە یێکەم ئەوەبوو کە لە سالی
(١٩٤٦)دا ئامۆزایێکی زۆر خۆشەویستم (ئەنوەر حوسێن مەلا)
کە قوتابیی پۆلی یێکەمی کۆلێجی حقووق بوو ، لە کاتی
وەرگەڕانی ئوتومبێلەکەیاندا جوانە مەرگ بوو و هەڵبەستێکی
شیوەنم بۆ رێکخستبوو ٠

دووەم موناسەبەت ئەوە بوو لە هەمان ساڵدا لاوێکی دڵسۆزو

کورد پەروەری هەولێر (عمر عوسمان)[1] جوانە مەرگ بوو و ، لە کاتی ناشتنیدا هەڵبەستێکی لاواندنەوەم کە بەم بۆنەوە نووسیبوو خوێندمەوە ٠
سێ بەمیان ئەوە بوو کە لە ئاهەنگی گەورەی نەورۆزی سالی (١٩٤٧) دا هەلبەستێکم پێشکەش کرد ٠
هەڵبەت هەر هەڵبەستێکی لەو تەمەنەمدا نووسیبووم لە چوار چیوەی شعری تەقلیدی دەرنەچوو بوو و سەرەڕای ئەوەی کە مۆری زاراوی هەرێمی هەولێرو بە تایبەت خێلی (دزەیی)یان پیوە دیار بووە ٠
ئێستاش ، لە پێپلکانەی تەمەنی پەنجاو شەش سالیمدا کە تەماشای سەردەمی ئەوسای ژیانم دەکەمەوە وەکو جیهانێکی تەماوی و تەلەسماوی لە پێش چاوی خەیالمدا خۆی دەنوێنێتو هەزار چەشنە پڕشنگی رەنگاو رەنگی تێدا دەدرەوشێتەوە ٠
لەو سەردەمەدا لە گەل تەووژمی سروودەکانی نەتەوەیی خوێنم دەهاتە جۆش‌و لە گەل بەستەی (شەمامەو شەمامە)دا بالم دەگرت و لەگەل بەندەکانی (مەم و زین)و (سیامەندو خەجێ)دا مات‌و کز دەبووم‌و لە گەل رمبەی دەهۆل‌و فیقەی زورناش‌دا ئەسپی ئاواتم تاودەدا ٠
هەتا مابم لەسەر پەردەی بیرەوەریمدا یادی ئەو رۆژە خۆشانە هەرگەش دەبن کەلەگەل برادەرەکانی هاوتەمەندا لەسەرو چاوەی کاریزی (تووڕەق) ئاهەنگی نەورۆزمان دەگێرا ٠
هەتا ماویشم بیرەوەریی ئەو گەشتە هەر زیندوو دەبێ کە لە پشووی نیوەی سالی (١٩٤٥)دا لە ژێر چاوەدێریی (مامۆستا مووسا سەمەد)دا بۆ (بەغدا) و (کەربەلا) کردمان‌و نوێنمان لەنێو

---

[1] ١ ــ برا گەورەی (مامۆستا حیدر عثمان شێرزاد) بوو ٠

فارگۆنێکی باری شەمەندەفەردا رادەخست و (رەئووفی چایەچی-خوا لێخۆشبوو سەماواری دەجۆشاندو برادەرە دەنگ خۆشەکانیش سەرگەرمی بەستەو سروودیان دەکردین · خواردەمەنی هیچ چێشتخانەیەکی تازەبابەت تامو بۆی ئەو بابۆلانە (- لەفە) نادەن کە لە دووکانەکانی سەر سەکۆی ئێستگاکانی شەمەندەفەردا دەمان کڕین ·

زۆر جاران ئەوەم بەبیردا دێ : بڵێی راست بێ دەمو کاتی ئەوەندە خۆشم بەسەر بردبێ و ئیتر تامردن بەحەزرەتیانەوە دەبم ؟ یاخود راستە جارێکی دیکە لەگەڵ زۆربەی برادەرەکانی ئەوسام چاومان بەیەکتر ناکەوێتەوە ؟

هەر لەهەمان سەردەمدا فێری خوێندنەوەی کتێبی عەرەبی بووم و بەباوەش (روایات الجیب)م کۆدەکردەوەو کتێبەکانی (مصطفى لطفى المنفلوطى)و (احمد حسن الزيات)و (احمد الصاوى محمد)م لە ئاسمانا دەقوازتنەوە · گەلێك فرمێسکی گەرمو گوڕم بەسەر لاپەڕەکانی (ماجدولین)و (پولو فرجینی)و (رافائیل)و (آلام فرتر)دا رشتوە · سەد ئەوەندەی (ستیفن)و (پۆل)و (رەفائیل) و (ڤێرتەر) گێرودەی (ماجدۆلین)و (فرجینی)و (جۆلیا)و)(شارلۆت) ببووم · (شیللی)و (بایرۆن)یش دەرگایێکی تازەی جیهانی شعرو خەیاڵاتی رۆمانسی یان بۆ دەخستمە سەرگازی پشت · ئەم جیهانەی سۆزوخەیاڵاتی رۆمانسیش . هەتا ماوەیێکی دوورو درێژی لەمە بەدوواوە هەوێنی هەستو عاتیفەی شعریم بووە[٦]

لە ساڵی (١٩٤٩) لە پۆلی یێکەمی کۆلیجی حقووق بووم لە (بەغدا)

---

٦ -(ماجدولین و ، پول و فرجینی) وەرگێڕانی (المنفلوطى) ن · (رافائیل)و (آلام فرتر) وەرگێڕانی (الزيات)ن و (شیللی) و (بایرون) یش دوو کتێبی (احمد الصاوى) ن ·

که ڕێگام کەوتە بەندیخانەکانی (بەغداو کووت و کەروك) .
ئەم گەشتە ناچارییەم سێ ساڵی‌خایاند بەڵام وانەبێ سوودم لێوە نـــەدیبێـت .

لەوماوەیەدا ، جگە لە کتێبی جۆراو جـۆر ، گەلێك لەبەرگەکانـی گۆڤاری (گەلاوێژ)م پەڕ بە پەڕ خوێندەوە . هەروەها لە سایەی چیرۆکـە خۆشـو ئاسانەکانی خـانمی ئەمەریکـی (پێرل‌بەك) تـاڕادەییـك فێری خوێندنـەوەی ئینگلیزی بـووم بەیـاریدەی فەرهەنگ سەرتاپای کتێبی : لە چیرۆکەکانی شەکسپیر (Tales From Shakespeare)م خوێندەوە کە کورت کردنەوەو داڕشتنەوەی (چارلس لامب‌و ماری‌لامب)ی براوخوشکن .

دوو پارچە هەڵبەستی ئەو سەردەمەی شعر نووسینم خستۆتە نێو ئەم کۆمەڵە شعرانە . باری رامانی بیرو سۆزی عاتفیی ئەم دوو هەڵبەستەش هەر چۆنێك بووبن ، دیسان بە درێژەپێدانی قۆناغی یێکەمی شعر نووسینی خۆمیان دەزانـم .

قۆناغی دووەمی شعر دۆستێم لە ساڵی (١٩٥٣) وەدەست پێ دەکا. کە بۆ خوێندنبۆ(دیمەشق) چووم و لە ساڵی (١٩٥٨)دا کۆتایی دێ کە خوێندنی (حقـووق)م لەوێ تەواوکرد . دیـارە قۆناغی سێیەمیش ، لەم ساڵە بە دوواوەیە .

لێرەدا ، زۆر لەلام گرانە ، سەردەمی ئەو چەند ساڵانەی ژیانم‌لە (دیمەشق) دەستنیشان بکەم بێ ئەوەی یادێکی گەرمی ئەو کوردە دڵسـۆزانە بکەمەوە کـە هەتامردن شـانازی بەدیتن‌و ناسـینیان دەکەم . کەسانی وەکـو (رەوشەن خانـم بەدرخان) و (دکتـۆر نوورەددین زازا)و (قەدری بەگ جەمیل پاشا)و(مەمدووح بەگ سەلیم)و (حەسەن ئاغای حاجۆ ئاغا)و (ئاپۆ عوسمان سـەبری) و هەر دوو شاعری هێژا (قەدرجان‌و جگەر خوێن) کە سەربردەی ژیانی هـەر یەکێکیان لاپـەڕێکی گەشـە لـە داسـتانی خەبـاتی نەتەوەییمان و دەرگاییکی داخراوی مێژووی میللەتەکەمانیان بۆ

دەکردمەوەو تەووژمو گوڕێکی تازەیان بەهەستی نەتەوایەتیم دەبەخشی • ئەمجا منیش ، بۆ بیرەوەریێ ئەو سەردەمەی ژیانم مەگەر وەکو نووسەری گەورەی فەرەنسایی خانم (سیمون دو بووڤوار) بڵێم : یادگارەکانی ئەو کاتانەش لە وانەن کە تاکو مردن لەلام شیرین بن‌و هەتا ڕکیشم لەم خەیاڵە دەبێتەوە کە رۆژێك لە رۆژان ئەو یادگارانە لە گەڵما بۆ ژێر خاك دەچن‌و نامێنن •

پێش ئەوەی کۆتایی بەم پێشەکی‌یە بهێنم ئەوە رادەگەیینم کە لە شعر نووسیندا (هەوادار) بووم نەك (پیشەکار) . واتا ، هەریەکێك لەم هەڵبەستانە ، زادەی وروووژانێکی دەروونی یان جۆش‌و خرۆشێکی دڵ یا رامانێکی بیرن کە وەکات یاخود لە دووای ماوەیێکدا بڕیان لێوە کردوون • هەر بۆیێکە ئەم هەڵبەستانەو ئەوانەی کە فەوتاون بەرهەمێکی کەمی ئەو ماوە درێژەی شعر دۆستێمن •

هەندێك لەم شعرانە ناو بەناو بڵاو کراونەتەوە کە بۆ چاپ کردنیش ئامادەم کردن ، دەستکارییێکی زۆر کەمی چەند پارچەیێکم کردۆتەوە •

ئەمجا سەبارەت بەوەی کە هەڵبەستەکان یان بڕ لە خرۆشانی دەروونی دەکەن‌و سەدای خورپەی دڵ دەدەنەوە ، یاخود رەنگی رامانی بیر دەڕێژن لە بارەی هەندێ هەڵوێستی بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤدا ، دیارە بەم مەبەستەوەیە کە ناوی (خرۆشان‌و رامان)م ، بۆ ئەم دیوانە هەڵبژاردووە •

هەروەها چونکە شعرەکان لە سەر دوو بابەتی کێشی سەرەکی رێکخراون بە پێویستم زانی کە پێڕستێکی تایبەتیش بۆ ئەوانەی سەرکێشی عەرووزی دابنێم • ئیتر ئەمەیە دیوانەکە :

علی فتاح دزەیی
هەولێر : ١٩٨٥/٧/٢٧

تێبینی :

بۆ نووسینی ئەم پێشەکی‌یە سوود لەم سەر چاوانە دیتراوە :

١ ـ دیوانی گـۆران

٢ ـ فن الشعر ـ ارسطاليس ـ ترجمة الدكتور عبد الرحمن بدوي
طبعة القاهرة ـ سنة ١٩٥٣

٣ ـ توضيح العروض ـ اميل جورج عبيد ـ طبعة حلب

٤ ـ تاريخ الادب في ايران من الفردوسي الى السعدي ·
أ · ك · براون · ترجمة الدكتور ابراهيم امين الشواربي ·

5 — An Introduction To Poetry ...... Jacob korg ....

6 — A Hand Book For the study Of Poetry , Lynn Altenbernd And...
Leslie L , Lewis

7 — The Prime Of Life : Simone de Beauvoir, translated, by Peter
Green , P , 312

8 — Poems Of Alfred Lord Tennyson Selected By , Charles Tennyson
P, 454 — 456

خوێی دڵ

لـه گـەڵ ڤالنتینـا

(لەشەمەندەفەری توورووس ـ لەنێوانی مووسل و حەلەبدا

ساڵی ١٩٥٥

شـەمەندەفەر خـوایە هـاوار هەنـد سست بـێ
مەودای دوازدە مـانگە رێگـای یێـك بست بـێ

لـە كـابینەی تـەنیشـت هـی مـن میـوانـە
كچێكـی شـۆخ رەنگـئو شێـوەی بێگـانـە

مـن تـەنیـامو ئـەو تـەنیایـە،رێ‌دوورە،
هـاوینە كـابینەی تـەنگـئ وەك تـەنـدوورە

لـە كـۆ رێـدۆر وەسـتان،لـە پێشـی پەنجـەرە،
هـەوای فێنـك دەرمـانـی دەردی سـەرە

ـ : هێـوارە باشـی ، چۆنـی رێبواری جیـران ؟
ـ : هێوارەی تۆش فەرموو جێی من خانم گیان ،..

بەخۆت چۆنی ؟ خەڵکی کوێی واشیرینی ؟
ـ : ئەمریکانم ، ئەمەریکای لاتینی

خەڵکی پیرۆم ناوم فالنتینایە
قوتابیم ، بەرنامەم مێژووی دنیایە

ویستم ئەوەی لە کتێبدا دەیخوێنم
جێگاو شوێنی بە چاوی خۆم ببینم

ئەدی تۆ ؟ ـ : من کوردێکی کوردستانم
وەك تۆ بۆ خوێندن گەڕیدەی شارانم •

ـ : تۆ کوردی ؟ هاو خوێنی سەلاحوودینی ؟
ـ : بەڵێ هاو خوێنێکی ئەوە ، دەیبینی •

ـ : توخوا یێك پسیارم هەیە بڕوانە • • •
راست پێم بڵێ : چۆن پرچێکت لاجوانە ؟ !

«کچە کورتە بالای رەنگ زەرد ـ ئەسمەر بوو»
پرچی رەش ، شێوەی شیرین ، وەك شەکەر بوو ،

پیاو لە دوور بیدیتبایە دەیگوت : رەسمە ؛
بان خەیاڵەو زادەی سیحرو تەلەسمە •»

گوتم ؛ خانم سوێندبی بەم چاوە جوانە
بۆ پرچی وەك هی تۆ جەرگم بریانە •

گوتی : ئا، تۆش وەك سولتان پرچی زێڕین
دیلت دەکا ، یان هەمزەی دوو چاوی شین

گوتم : ئەی قوتابیی یەکسەر مامۆستا
ئەی شارەزای مێژووی چوار گۆشەی دنیا

ئەم باسە لەکام کتێبدا نووسراوە ؟
چۆن ؟ کەی ؟ لە گەڵ کام شۆخێکدا روویداوە ؟

گەر چیرۆکی تەلیسمانت مەبەستە (١)
وەك ئەفسانە لەبە سەدایێکی راستە

سەلاحوددین ویستی پتر خوێن نەڕژێ
تا هەتا ئینسان برای ئینسان نەکوژێ

ئەو سولحەی کە لەگەڵ ریکاردۆس کردی
رازاندیەوە بە دەستوورێکی کوردی

(٢)
مەلیك عادل ، خوشکی شای فەرەنگ بینێ
خوێن تیکەڵ بێو دوژمنداری نەمینێ

بەڵام کەنیسە رێی نەدا ئیش وابێ
رۆژ ئاوا بووك بێو رۆژ هەڵات زاوابێ

ئەو رووداوە ، چۆن بۆم باسکردی وایە
ئێستاکەش من ، ئەمەم بیرو بڕوایە

فەرموو کوێ بگرە چۆرپەی دڵ ، ئیسپاتە
خوێنیان کەرمە خەڵکی ئەم رۆژ هەڵاتە

گۆتی : ئای چەند قوتابییێکی فێڵبازی
چاك دەزانم لەدڵدا چی دەخوازی

دەی فەرموو گەردەتوانی جانتاکانم
دانی ئەم شوێنە بەرزە من ناتوانم

○

دایوەشپینە کابرا شانی بەتۆزت
بەس جلەو شل کە بۆ بیری ئاڵۆزت

شەو درەنگە ، ماندووی رێگای ، پاڵ کەوە
ئێستا دراوسێی ئازیزت تێر خەوە

○

شەمەندەفەر ! ئەی ئالەتی نابینا
بۆچ هێندە زوو دراییت بەم گەشتەم هێنا ؟

بەم بەیانی وەختە ، هەتا نەمتوانی -
بڵێم : خوات لەگەڵ جوانەی ئەمریکانی

○

خۆزیا ، خوایە ، شەمەندەفەر ، هەند سست با
مەودای سەد ساڵە رێگای ، یێك ئەنگوست با

هەتــا هەتـــا ڤـالنتینـام جیران بـــا
جـــانتاکـانیم شـەوو ڕۆژ لـەسـەر شان بـا

ە

---

١ ـ Talisman : چیرۆکێکی خەیاڵی‌ی (سێروالتەر سکۆت)ە لە بارەی سۆڵتان و شەڕی سـەلیبی •

٢ ـ یەکێك لە پێشنیارەکانی ئاشتی ئەوە بوە ، کە (مەلیك عادل) ی برای (سۆڵتان) شازادە (جوانا) ی خوشکی (ڕێکاردۆس ـ ی ـ شێردڵ) بهێنێ کـە بێوەژنی شای دورگەی (سەقلیا) بووو، هەر دوویان بکرێن بە شاو شاژنی فەلەستین • بـەلام جیاوازی ئایینیان بوو بە کۆسپی ئەم پێشنیارە •

کاری دڵداری

دەمێك بوو چاوەڕێی هاتنی بەهار بووم
عومرەك بوو لە چلەی زستانم بێزار بووم

لە تاڵی لاویما ژیانم زستان بوو
خۆشترین رۆژێکی ڕەشێڵو زریان بوو

لە ئاسۆی هیواما نەمدەدی رۆناکی
تاریك بوو ژیانم شەوو رۆژ سەرپاکی

تەنیا بووم بێ دۆستو بێ یارو بێ هاو دڵ
بە دڕکم دەزانی جوانترین خونچەی گوڵ

نەچووکەی باڵدارێك نە ، نەغمەی شمشاڵێك
نەشئەیان پێ دەدام ئەوەندەی تۆسقاڵێك

ئەمە بوو هەواڵم ئەی نووری چاوانم
تا وەك خۆر سەرکەوتی لە ئاسۆی ژیانم

دەرکەوتی‌و تاریکی‌ی ژیانم بەسەر چوو
تاناخی دەروونم وەکو رۆژ رۆناك بوو

ئێستاکە ئەم دڵەم ئەوەندە بینایە
چەند جوانی‌ی بزر هەن لەم کەونو دنیایە

هەموویان دەبینێو بۆ گشتیان دەنواڕێ
گشتی لا نازدارن وەك گوڵی بەهارێ

ئێستا کە ئەوەندە کوێی سووکە ئەم دڵە
بەخشپەی مێروولەو بە فڕەی پەپولە

هەست دەکاو دێتە جۆش دەکەوتە هەڵپەڕین
بانگ دەکا ئەمانەن نموونەی سادەی ژین

•

بەهارە ژیانم ، نەورۆزە بەهارم
دەمەوێ هەڵپەڕم هاوارکەم : دڵدارم

دڵداری چاوی تۆم ئەوەندە دڵشادم
ئەوەندە سەربەستم ئەوەندە ئازادم

دەتوانم ئاوازەم خۆشتر کەم لە شمشاڵ
لە باڵدار بڵندتر هەڵفڕم بەبێ باڵ

ئەوەندە لە جۆشی عشقمدا بە تاوم
دەمەوێ ئەم کەونە دانێمە سەر چاوم

دەمەوێ ماچ بکەم ئەم ئەرزو ئاسمانە
بکرمە باوەشم ئەم هەموو جهانە

بۆ شۆخێکی (ن ٠٠٠) ناو ٠

دیمەشق _ ١٩٥٧

ئەو نازدارە کێ دەبێتە هاوڕازی !
کێ بە خوایە قیبلەی هیواو نیازی ؟

کام خوا پێداو کام بەختیار ئەو جوانە
سەیری دەکا بەم دوو چاوە کەشانە .

بۆی لێدەدا دڵی سەر چاوەی پاکی
پێی دەبەخشی دنیای پڕ لە ڕۆناکی ؟

ئەو نازدارە کێ دەبێتە هاوسەری
ئادەمیزاد ! یاخود شازادەی پەری ؟

چاو دەگێڕم بەم شارەدا سەرانسەر
کەس نابینم بشێ بۆی بێ بەهاو سەر

کەسێك نیە لە ناسیارو بێگانە
بخرێتە نێو تا تەرازووی ئەو جوانە

ئەو خوو و ڕەووشت بەرزەی ئەریستوکراتە
ئەو نموونەی جوانیی ئەم ڕۆژهەڵاتە

ئـەی نازەنین، ئـەی فـرشـــتەی ئاسمانی
دەتپـەرسـتم بـەبـێ دەنگـی و پـەنهـانـی

لـە نێـودڵمـا دەتپـەرســتم بـە مـاتـی
دڵـدارێکـم گیـانـم تـۆیـە ئـاواتـی

لێـم ببوورە گـەر کەمێـك بـەد رەووشـتم
جۆشـی دڵ بـوو ئەم رازەی پـێ هـەڵڕشـتم

وەگەرنـا مـن ، هـەر ئـەوەنـدەم نیـازە
ئـەو دوو چاوەی پـڕ لـە تەڵەسمو و نازە

رۆژێ جـارەك بـۆلای مـن هـەڵیا نیێنی
شادە دێنـم کە هـەر خـۆت حـۆری عەینـی

لـەم شـارەی کـە ، بـەبهەشـتی دانـاوە
(شـەوقـی) ئـەو شاعـری گەورەو بەنـاوە

گڵپەی خۆشەویستی

لەگەڵ هەزار شۆخاندابی ، نازداری
لە نێو هەزار گوڵاندابی . بەرچاوی
لە پشتی سەد دەرگای ئاسن لێم دیاری
لەودیوی سەد کێوان بی . وەك هەتاوی

چاوەکانی هەمیشە پڕ پسیارت
کە بۆ رازی ناخی دڵم دەڕوانن
لە نێو چەپکی رەنگاو رەنگی روخسارت
دوو نێرگزی تێر بەفراوی کوێستانن

نەخشی رووی تۆ واچەسپاوە لە یادم
خۆشەویستیت گڕی بەرداوتە خوێنم
وەك سوریدی رێگای عشقت بەر بادم
فەنای تۆم‌و بەهێوای تۆ دەمێنم

هەر دوو یەکین یەك هەبوون‌و یەك بیرین
یەك قوڵپی خوێن بەلەشماندا گەڕاوە
هەردوو گەردەن بەندی یەك قەف زنجیرین
سەر نەووشتمان بەیەك خامە نوسراوە

چەم لە دەست دێ ؟ ئەی خۆشەویست نازانم !
دوو هێندەی تۆ ڕێگای عومرم بڕیوە
خۆت دەزانی چەندە ئازاری گیانم
لەو ڕۆژەوەی یەکتریمان ناسیوە

هەتا مابم هەر بۆلای تۆ دەنوازم
هەتا مابێ تۆی بزدی بەختیاریم
گەر بەندی یاسای کۆمەڵ بم ناچارم
وەرنا دانامرکێ گڵپەی دڵداریم

٥

سکاڵا

نە کاغەزی بۆ دەنێرم
نە بای شەماڵ رادە سپێرم

نە هەڵدەکێشم ئاخی سەرد
نە کەللەی سەر دەدەم لە بەرد

نە رۆژ یادی بەهار دەکەم
نە بەشەو شینی پار دەکەم

نە خەیاڵ نە بیرەوەی
هیچ نەما گشتی هەڵوەری

وەك گەڵای ئەم دارستانە
بەم وەرزی چلەی زستانە

درەختێکم رووتو بێ بەر
بەفری سپیم نیشتۆتە سەر

ووده‌می دلداری

ئه‌و کاته‌ی که‌ نوزسیت بۆم (یا حیالی)
ویستم گیانی خۆمت ده‌مێ له‌ جیاتی

ئه‌گه‌ر من ژیانی تۆ بم تۆ چیم بی ؟
به‌ختیاری‌و ئاوات‌و دلداریم بی ! ؟

ئه‌م ووشانه‌ هێند گوتراون ، سواون
وه‌ك سکه‌ی کۆن له‌ نرخا داشکاون

له‌ فه‌رهه‌نگی هه‌رزمانێ ده‌زانم
ووشێکی وا نایێته‌ سه‌ر زمانم

بدرکێنی واتای ئه‌و جۆره‌ هه‌سته‌ ،
که‌ له‌ سه‌دان دلداران یێك پێی مه‌سته‌ .

یێکی وه‌ك من . که‌ ئێستاکه‌ی هه‌بوونی
له‌ تۆ په‌ڕه‌و لێو ریژ بوه‌ ده‌روونی

خوایه‌ ، ووشه‌یێکی وا بێنه‌ سه‌ر زارم
بیده‌مه‌وه‌ پێی وه‌لامی نازدارم

هێشتا ئەو نووشتە پیرۆزەم لاماوە
کە وودمی (بها حیاتی) لێ نووسراوە

لە هەر کوێ بم ، بە رۆژ ، بەشەو ، لەگەڵمە
هەتا ماوم ، ئاشقبەندی سەر دمە

٥

لافاوی خـۆشـــه ویستی

ئاخ له بـۆ ئەو سەردەمە خۆشەی کەوەك فەسلی بەهاربوو
ئـەو دەمانەی جۆشـی دڵ لافاوی دەریای بێ کنار بـوو
دوو بـە دوو تا ئەو پەڕی دنیـای نیازمان لێ دیار بـوو
کـێ وەکو ئێمە بەبادەی خۆشەویستی نەشئەدار بـوو !

گێژەنی خوێنمان بـەرەو دوڕگەی تەلەسـماوی دەبردین
هـەر شەپۆلێکی هەتـا ئاسمانی شـین بەرزی دەکـردین
هـەر دەقیقـەی پێکەوە سـەد جارە دەژیـاینو دەمردین

ئای له بـۆ ئەو چـاوە ئـەو خـاڵانە ئـەو لێوەبەژامەت
وای له بـۆ شلکەی لـە باوەشنانی ئـەو بەژنە نەمـامەت
چەند بە ئەسپایی سەری پەنجەم دەخستە سـەر شەمامەت
هیچ نـەبوو باکـم لـە دنیادا مەگەر چـاوت سـەلامەت

کوا لـە کوێن ئـەی کاتەکانی پڕ لـە شادیو بەختیاری ؟
کوانی گڵپەی ئـەو هەناسـانەی بڵێسەی لـێ دەباری ؟
کوانی نازی چاوی ؟ لە رزەی لێوی ؟ خەندەی پڕ بەزاری؟

تـۆ لـەوێ مـایتەوە مـن لێرە هەمـوو دەم چـاوەڕێتم
هـەر هەمان دلدارەکەی جارانی سـەد حەلقە لـــە گوێتم
گـەر دەزانی چـەندە مـن موشتاقی خـاکی ژێری پێتم
شێت دەبـم وەك پێم دەڵێ‌ی جارجار خەونێکی شـەوێتم

ڕۆژ نـەبوو پەیمانی دڵـداری لەگەڵ یێکتر نەبەستین
کـەی دەبوو تاوێـك بەلێشـاوی خرۆشـانمان بوەستین
کـێ هەبوو جارێـك بمانبینێ‌و نەزانێ خۆشەویستین ؟

لەو هەموو ئاواتی عومری خۆشەویستی‌ی سەوز و سوورە
چی بەجێ مـاوە بەغەیرەز ئـەم نیازەی دوور بە دوورە
گـــەر خەتـا بـارم لــــە نـاچاریمە توخوا لێم ببوورە
سـەد ئەوەندەی تـــۆ پەرێشـانو هـەواڵم ناگـزوورە

لــــەو سـەری دنیا شەوە دەنگـــت ببیسـم بـەختیارم
وەك دڵۆپـەی ئـاگرین دەرژێتـە نێـو خوێن‌و دەمارم
سـەد هەزار ئـەستێرە هەڵدەکشێن لـــە ئاسۆی یادگارم

یادێکی کۆن

ئێستاش هەر چەند سەیرم کەن دوو چاوی کەش
یان بنوارمە بالآی بەرزو پرچی رەش

گڕپەی ئاگر بەردەبێتە هەناوم
لافاو دەکەن سەر چاوەی هەر دوو چاوم

تا دەشمرم ، بریقەی دوو چاوی کەش
وەك برووسکەی هەوری شێوەی پرچی رەش

تاوی باران هەڵدەڕێژێ لە چاوم
گڕپەی ئاگر بەردەداتە هەناوم

هەر تازەیە یادی یەکەم دلداریم
ساڕێژ نابێ برینی هەرزەکاریم

لە بیر ناکەم خۆشەویستیی ئەو جوانە
هەتا مردن لە نێو دلما میوانە

خوایە .. دەبێ . ئەویش ، ئەمەی هەواڵ بێ
تاکو مردن منی هەر لە خەیاڵ بێ ؟

بۆ جوانێکی کۆلێجی ئەدەبییات

دیمەشق – سالی ١٩٥٤

ئەو کچە جوانەی کە ناوی (أمل)ە
دلی دلدارانی خستە زەلزەلە

ئاوەدان بێ جامیعەی سووری کەوا
وەك بەهەشتێکە لە سایەی ئەو مەلە

هەر لە دەرگای دەرەوە دەربکەوێ
دێتە گوێ هاوارو بانگی (یا هلا)

وەك پەریزادە ئەویش هەنگاو دەنێ
خاکی ژێر پێی دڵو چاوی کوڕ کەلە

٥

ڕۆژەکێ دەیخوێندەوە دیوانەکەی
شعری (شێللی) کە جریوەی بلبلە

چوومە لای دەستم درێژ کرد بۆ دەسی
پێی گوتم لاکەوە دەستت چەپەڵە

زۆری لێ ترسام ئەوەك داگیر بێن
بۆ هەلاتن وەكو دز كەوتمە پەلە

جارێ وا رووبدا لە باخچەی جامە
تالەو تەنیا بوو لە بن ێیك دار گولاّ

چاكەتی سەوزی ، سەوز بوو وەك كەلاّ
روومەتی ، واتێكەییم تازە گولە

چووم دەمم بۆی برد كەماچو بۆنی كەم
چۆن بزانم ئەو گولە رووی ئەمەلە !

پێی گوت ، وادیارە ناخۆشی دەكەی
رێزی خۆت بگرە ، بەسە ، مەیكە ملە

زوو گوتم : پاردۆن . لەلام وابوو گولی
تۆ بەبێ ئیتر . ببوورە لەهەلە
(١)
پێكەنیو فەرمووی كەواتا (ماعلێش)
ئەی خودا ، ئەم قسەیەم چەند بەدلە
•

ئەی خودا ئەم كچە چەند شیرین خروە
چەند پەری روو و خانمێكی جەنتلە

---

١ ــ ماعلیش : (ماعەلێش) ، واتا : قەیدی ناكا •

چەندە روو خۆشە لەگەڵ هاوپۆنەکان
بەس لەگەڵ من بۆچی وا فیزی زلە! ؟

نازەنین مەیلێ بکە دڵداری تۆم
چاو بەفرمێسك و هەناسەم دووکەڵە

گوێ گرە ئاخو نزای رۆژو شەوم
پێشکەشی تۆم کردووە ئەم غەزەلە

پێکەنــە

پێکەنــو گیانــە کــەمــەك بــۆم پێکەنــە
پێکەنــە ریشــەی کەســاسـیم هەڵکەنــە

پێکــەنــە دنیــام لــە بــۆ پێــدەکــەنــێ
ئــەم دڵــەی مــاتو کــزەم رادەچــەنــێ
خۆی وەکــو جاران لــە ژێر پێتــا دەنێ
پێکــەنــە ئــاواتــی ژینــم پێکــەنــــە

پێکــەنــە پــەردەی زوێــــری لابــــەرە
بیخــەوە کالان دەمــەك ئــەو خەنجــەرە
نــاڕەوایە ئــەو هەمــوو دەردی ســەرە
پێکــەنــە خاتــوونــە زینــــم پێکــەنــە

پێکەنە لێــم زیــز مەبــە ئــەی نــازەنین
کەی دڵی تــۆ بــۆتە جێگای خەشــمو قین
لێــوەکانت جــوانــە بــۆیــان پێکــەنین
پێکــەنــە ئــەی خەمــڕەوینــم پێکەنــە

پێکــەنــە توخــوا دەمــا بــۆم پێکەنــە
پێکەنــە ریشــەی کەساسـیم هەڵکــەنــە.

بـــۆ جـوانێك (١)

بەیرووت ـ ساڵی ١٩٥٤

ئەی کچی جـوان ، ئەی تاقانە هیوای دڵ
زەردەخەنەت پشکووتنی خونچەی گـــوڵ

ســەیرم بکــە ، بـۆم پێکەنە پـڕ بــەدەم
مەســتم بکــە ، شێتم بکە بــە ئاســتەم :

بۆم بکەوە ، دەرگای بەهەشت دەرگای بــاخ
ئەو دوو سێوەی دڵ بەحەزرەتیان پڕداخ ،

ئەو دوو مەمەی دەست دەکێشن بـۆ یاری
یان دوو نــاز بالیفۆکەی خوای دڵــداری

باتێر بـۆن کەم ، هەڵیانمژم وەك منداڵ
لە ســەر سینەت بێهۆش کەوم لاڵو پــاڵ

خـۆشــەویســتم توخوا دڵــم مــەشکێنــە
دەخیلت بـم مەمکـۆڵـەت بـۆ لام بێنـە

---

١ ـ لە پەنجاکاندا لە گۆڤاری (هەتاو) دا بڵاوکراوەتەوە .

خەونێکی خــۆش

دیمەشق ـ ١٩٥٧

مــاچێــك لـــەم دوو لێــوەی پــڕت
بــۆنێــك لــەم بــن مەمکەی خــڕت
بەنــاز بــڕۆ
وەك ئاوازەی فۆکسترۆ
وەك شــنەی بــا
پێ دانــی ســەر باری ڕۆمبا
خێرا وەرە نێو بــاوەشــم
ئــەی ئاواتم ، بەختم ، بەشــم
دەســتەکــانت بکــە ملــم
مەمکــۆڵــەت دانــێ سەر دڵــم
ســادەی
ئــۆخەی
ئــۆخەی
ئــۆخەخەخەخە . . . ی .

o

نــە بێهــۆشــی ،
نــە ســەر خــۆشـــی
خەونێکی خۆش‌و شیرین بــوو
بووکی خەونەکەش (هێلین) بــوو .

(سەرەنجامی تاریک)

«لە نێو هەندێك لە کۆمەڵانی مرۆڤدا ، نەریتێکی ناهەموار هەبو
رەنگە بێ کەم و زۆریش مابێت ـ کە دەبوایە کچ (دۆتە ـ مارەیی
ی هەبوایەو پێشکەش بە زاوای کردبا تا بنچینەی ژیانی تازەیان
پێوە دابمەزرێنی ·
دیارە ، ئەم نەریتە ناهەموارە · لە نێو چینی هەژارەکانی
کۆمەڵەکەدا زۆر جاران ئەنجامی گەلێك ناهەموارتر
بەرپا دەکرد · »

یادگاریکی دیمەشق ـ ١٩٥٧

حەڤدە ساڵەو نەزانو سادەو خاوە
نەشارەزای دنیای پڕ بەندو باوە

وەك گولالە سوورەی باخی بەهەشتی
پێدەکەنی بۆجوانیی‌دەورو پشتی

شۆخ و شەنگە شێوەی فریشتەی پاکە
سەد مەخابن ئینسانەو بەندی خاکە

دەبێ بخوادەبێ خۆی جوان بپۆشێ
تابتوانێ نازی گران بفرۆشێ

تازە کچە ، گەڵێك شتی پێویستە
لەو شتانەی لای ئافرەت خۆشەویستە

وەك ئەو خشلەی کە بەناز دێتەلەرزە
هەر قلێکی پرشنگی هەزار تەرزە ؛

پۆشاکی جوان کەرستەی خۆرێکخستن
عەتروو بۆنیوەك جادوودڵ دەبەستن

زۆر لە هووردە شتی دیکەی جوانکاری
کە دەردەخەن پتر شێوەی نازداری

٥

بەرامبەری ماڵیان کچی دەوڵەمەند
سەیری چۆن خۆی سازداوەبۆ زەماوەند

سەر تا پەنجەی پۆشتەی مۆدیلی تازە
کە هەر جوانێك لە بۆی ئاواتە خوازە

گەردەوانەو گوڵی سەر سینگ مرواری
گوارەی ئەڵماس بۆی هاتوە بەدیاری

عەترو بۆنو ماکیاجی هی پاریسە
گوڵدان گەلێک نایابەهەر گوڵ میسە

o

کچەی نەشمیل دەیبینی گشت ئەمانە
رایدەپێچا خەیالاتی شێتانە

دەکشایەوە بۆ ئێوژووری ساردو سڕ
دایدەکەنی جلو بەرگی کۆن و شڕ

ماتو سەرسام، لە ئاوێنەی قەد دیوار
دەینواڕییە نەخشی جوانی کردگار

برۆی باریک بژانگی تیژ، چاوی شین
پرچی درێژ زەردو نەرمو ئاوریشمین

روومەتی ئاڵ، لووتی بلند، لێوی پڕ
سینگی سپی، دوو شەمامەی قیتو خڕ

قەدی باریک لەشو لاری جوانو رێک
پێو بەلەکی لووستر لەهی پەیکەرێک

دەست و پەنجەو باسك ئەفرۆدیتانە
دەق بتێکە جێی شانازی بتخانە

بت ! بت نیە ، خوا کچە، جێی ئۆلمپە ! (۱)
!؟ زەیۆس ئەی خوای برووسکان بۆ خۆت بمبە

کێ هێندەی من تەڕو تازەو شیرینە !
کام جوان وەك من شاکاری پەنجەی ژینە ! ؛؛

ئەی شۆخ کەسێك نیە هێندەی تۆ جوان بێ
با پەری بێ ، یان فریشتەی ئاسمان بێ ،

بە دوورکەوە لە ناوێنەی قەد دیوار
شێتت نەکا سیحری جوانیی لەش و لار ؛

شەرت و پەیمان ، زمانی لووس ، قسەی خۆش
باوەشی توند ، هەناسەی گەرم، نەشوەی کۆش،

یەك لەحزەیەو پەشێمانیی لە دوایە
ئیتر هەرگیز ئاواتت بە جێ نایە

نە کوڕ نە کچ نە ماڵ نە دڵداری گیان
هەر تاریکیی و هەر تەنیاییی و دەردوژان

دەسا ئەی جوان، شەیتانی ئارەزووی رەش
بە لەعنەت کەو نە دۆڕێنی خونچەی گەش

هێوارە، بەڵکو بەی ، سبە ، چاوەنوارپە

بێچارە و بێ هەزار ، با لاو کورپێکی

دەستت نێو دەخانە دڵ ، پێشت دێتە

مەبەستت کشت هێنێ جێ نەشتوانێ کەر

ئیوچەوانی ئارەقەی و خۆشەویستی

کامەرانی و بەرزی بۆ سەر بناهەن

٥

---

١ ـ کێوی ئۆلمپ مەڵبەندی خواکانی یۆنانی کۆن بوە ٠

ئـەی یـارەکەم

ئـــەی یـارەکەم
ئــەی یـارەکـەی نـازدارەکـەم
دلنەرمەکــەی جــار جـارەکـەم
مــــن ئــەو برینی پــارەکـەم
کــەی چارەکـەم ؟
چــــارەی چیــە زامـــــدارە دڵ
هـــــەمخـوارە دڵ هـــەمبـارە دڵ
بێـــــزارە دڵ هێنـــــدە زارە دڵ
رابـــوردیـــە ئـــەمجـــارە دڵ
تیمارەکـــەم :
تیمارەکـــەم مـــاچـی دەمــە
پێـــك لــەحزە مــەیلێکی کــەمە
یان پێـك هــەناسـە بــۆی مـەمـە
بــۆ ئــەم برینـــە مـــەلحــەمە

o

ئــەی یارەکــەم
توخوا برینی پارەکەم
کـەی چارەکەم ؟ !

لـــه شەوی بەڕێکەوتنێکدا •

بــەیــانــی دوور دەڕۆم ، دوور دەڕۆم بــەیــانــی
ساڵێکم پــێ دەچــێ ، دوازدە مانگــ ، دەیزانی ! ؟

چۆن بـێ ی تــۆ بتوانــم هەڵبکەم ئــەو ســاڵــە
بــڕواکــە ، ژیــانــی ئــەو ســاڵــەم لاتــاڵــە

لــەو شوێنەی دوور وولا ت، کێ بێتە رابــەرم ؟
مــاندووبــم کـــێ رانــی بنێتــە ژێــر ســـەرم ؟

فــەرمووتــە دلـــداری ، هێــز دەری دڵـــدارە !
دوو چــاوت لـــەو ێــوە ، پڕشنگیان لێم دیــارە ؟ !

کــەواتــا ، بــەیــانــی ، کـــە دەڕواجــێ ی رازت
نــەڕێــژی فرمێسکــی ، دوو چـــاوی پڕ نـــازت

بــەیانی لەگەڵ یێك کــەدەبین دەســت لـــەمـــل
نەبینــم لەرزەی لێــو ، نــەم پێکــی خورپــەی دڵ

٥

برگەیێک لە هەڵبەستێکی

(جبران خليل جبرن)

گەر (سماد)م هاتە لاتـــان خزمەکـــان
کــردی پسیاری کــورێکــی ماتەمین
پــێی بڵێن رۆژانــی لێکتر دابــڕان
بوو بە ئاو بۆ ئەم دەروونەی ئاگرین
خۆڵەمێشن ئێستە گشــت پشکۆیەکان
هەم فەرامۆشی هەموو ئــەشکی سڕین

گــەر زوێر بوو ئێوە بــێ ئارام مەبن
وەربگریــێ بــن لــەگەڵیا میهرەبــان
پــڕ بەدەم گەر پێکەنی سەرسام نەبن
هــەر وهایە کــارو پیشــەی عاشقان

٥

وووؤاك دووون

شاعری بێدەنگ

تـامەسـتم نـەکـا بـادەی ئـاڵ
نەکـەومـەبـن دەریـاری خـەیـاڵ
نـاتـوانـم لـە مەرجـان و دوڕ
تـوورەکـەی شـیعرم بکـەم پـڕ

تـا نەگـەڕێ گیانـم وەك هـەنگ
تـام نەکـا شیرەی خونچەی تەنگـ
چۆن لـە هەنگوینی سپیو خەسـت
لێو ڕێژ دەبـێ شـانەی هەڵبەست ! ؟

تـا دانـەڕزێ پشـتی ڕووتـم
خوێن نەڕژی لـە دەم و لـووتـم
گیانـم داخ نـەکـا زۆر داری
هـەڵناچـنێ شـیعری ڕزگـاری

تـا دوای سـەهۆڵبەنـەی زسـتان
ڕەنگار نـەبـێ شـاخی کـوێسـتان
چـۆن سـەرچـاوەی بەهرەی ڕەوان
دەتـەقێ پـڕ لـە شـیعری جـوان

دەسا ئەی بادەی دڵداری
ئەی ئێشی داخی زۆر داری
ئەی لووتکەی شاخی سەد رەنگم
بۆ چ هێشتا ماتو دڵتەنگم !
بۆچی هەر لاڵە زمانم
نەماوە جۆشی جارانم ؟ !

٥

دیمەنێکی بەهار

چێشتەنگاوێك بە تەنیایی
بە کوێ چەمێکدا دەگەڕام
پێم دادەنا بە ئەسپایی
دەمنواڕی بۆ ئەم لاو ئەو لام

لقی بەرزی درەختەکان
سەوزێکی مەیلەو زێڕین بوون
گەڵای تەڕ دەدرەو شانەوە
یەکپارچە پیرۆزەی شین بوون

کەروێشکەی دەکرد سەوزە گیا
شەماڵ پەرچەمی دادێنا
پرشنگی یێك قەترەی خوناو
هەزار گەوهەری دەهێنا

حاجیلەو کوڵیکەی نیسان
سەر گەرمی نەشئەی بەهار بوون
کۆمەڵ کۆمەڵ هەڵدە پەڕین
تا چاو بڕی دەکرد دیار بوون

بـه دیتـنـی دیمـەنـی وا ،
گـەر شاعیریش نەبی ئینسـان
دلـی پـڕ دەبێ لـه شـادی
هەلبەسـتی دێتـه سـەر لێوان

خۆزیا نەختێکم هـەبوایـه
له بەهرەی هونەری « مۆنێه » ١
رەنگی ئـەو دیمەنـەم دەڕشـت
تـاکـو تـا هـەتـا بمێنـێ ٠

٥

١ ـ مۆنێه : Monet : یەکێکه لـه هونەرمەندە گەورەکانی فـەرەنسـا و ، پێشڕەوی رێبـازی ئینتباعـی ـ ئیمپریشنیزم بوە و زۆر بایەخی بەرەنگ داوە ٠

کەسک و سۆر

هەموو رۆژێکی بەهاران
کە تاو تاو دەباری باران

کە دەردەکەوی شۆخ و شەنگ
جوان بووکی ژێر ئاڵای حەوت رەنگ

سەیری دەکەم مەست و دڵشاد
پەرواز دەکا گیانی ئازاد

دەمەوێ وەك جاری جاران
ڕاکەم و تەڕم کا باران

•

ئەی کەسك و سۆرەکەی بەهار
بە بیرت دی دەهات بە غار

منداڵێك تەمەن ، هەشت ، نۆ ، ساڵ
مەستی نەشئەی خەون و خەیاڵ ؟

ئێستاش ئەو دڵ منداڵە هەر
پیری نەکردوە دەردی سەر

هەموو ڕۆژێکێ بەهاران
کە تاو تاو دەبارێ باران

دەیەوێ وەك جاری جاران
ڕاکات و تەڕی کا باران

٥٠

یادێکی رابردوو

هەر چەندە دێتەوە بیرم زەمانی رابردوو
شەوانی زستان ، سەردەمی تەمەنی منالیم
کە دادەنیشتین لە دەورەی ئاگری داربەڕوو
کە بەکیان لەگەڵ ئاوازی شمشاڵ ژەن دەنالیم
دلم دەست دەکا بەلێدان ، خوێنم دێتەوە جۆشن
گوێم پڕ دەبێ لە هەزار سروودی ناسك و خۆش

شەوانی زستان ، شەوانی درێژی کوردستان
لە مانگی کانوون و رەشەمەو ڕێ بەندان
کە بەفر چۆك دەخاتە سەر سینگی چەمەنستان
کە پڕ بەچاوی ئاسمان لافاو دەکا گریان
لە ئاگردانی ماڵە کورد گڵپە دەکا ئاگر
بەڕوو دەتەقی و بۆ نێوکۆشن تێهەڵدەدا پەنگر

سیرەی سەماوار ، دەلیلی و دەلۆلۆی لاوکبێژ
لاوکی بۆزبەگ و چەتۆو دەرویشی عەدلەخان
بەسوێ دەهێننەوە زام و برینی باشن سارێژ
هەتا بەیانی گەرم دەکەن ئاهەنگی دیوەخان
بەلێ هەر ئەمەیە کاری چیرۆکی دڵداری
رووداوی زەمانی رمبازی و دەبدەبەی سواری

ئـەم لاو کـانە تۆمارن ، مێژووی ئـەم میللەتەن
هـەندێکیان وەکـو ئـاوازەی ژیانـی ئـازادیـن
لـە کاتێکا قەوماون کـە سەربەست بوە وەتەن
هـەندێکیشـیان بەراسـتی کارەسـاتی بێدادیـن
چەتۆ لـەرێی ئـەم خاکەدا بـوو سـەری دانـا
دەروێش بووبـە شەهیدی عشقی عەدوولـە خانا

-

حەیـران ، حـەیرانی دزەییان چریکەی دڵـداری
ئـاگر دەخـاتەوە کـوورەی دەروونـی پیاوی پیر
جـاحێل دەکـا بـە شـێتی خـەیاڵی ئـازداری
کـە جـۆتە شـەمامەی بـاخەڵی ـ دەخاتەوە بیر
لەکوێی ئەی دەشتی قەراجی ئەی‌هۆبەی رەشماڵان؟
لەکوێن ئەی شەنگەبێریەکان ئەی پۆلی چاوکاڵان ؟

ئاخ بۆ فیقەی زورنا رمبەی دهـۆل زرەی کەمبەرە
نزمی شـەمامەو چارۆکەو حەیرانی سـەر چیایـی
کـێ دەتوانێ بڵـێ : مـامەی پیر وا هەڵمەپەڕە !
بـۆچ کەس هەیە لەو کاتەدا لە خۆی نەبی بایـی ؟
پیاو هـەتا دەمـری هـەتا دەچێتە بـن خـاکـی
هەر خۆی دەکـا بەقوربانی کـچ بە کۆیلەی داکـی

٥

منیش تـا رۆژی مردن تـا دەمبەنە گۆڕسـتان
قـەت لـە بیرناکـەم ژیانی زەمـانی رابـردوو
لـە دڵدا هەر گـەرم دەبێ ئـاهەنگی کوردسـتان
لـە گوێمدا هەر بەرز دەبێ دووا بەندی تایووهوو

کۆچی تەمەنی لاوی

«لەتەمەنی لاویدا ئەوەندە مەستی ئاوات و خەیالاتی ڕەنگاو ڕەنگ بووم کە هەموو شەوێکم لەلا ڕۆژو هەموو ڕۆژێکم لەلا بەهار بوو ·
جیهانی داهاتووم وەك بەهەشتێکی تەلەسماوی دەهاتە بەرچاوان، بەلام ، کە جۆش و گوڕی لاوینی دامرکایەوە و سەرابی ڕەنگاو ڕەنگ تاوایەوە ، جگە لەهەورازێکی سەخت و پڕ لە مەترسی هیچی دیکەم نەدیت لەسەر چەقی ڕێگەمدا · »

گەیشتە چل ئیمساڵە کە تەمەنم
چل ساڵی خشت ، چل ساڵی خشت و ڕەبەق
چەند زوو کوژایەوە بڵێسەکەی شەفەق
ڕۆییشت ئیتر منالانە پێکەنم

چەند زوو تێکشکا بلەوری ڕەنگاو ڕەنگ
چەند زوو ڕەویەوە سەرابی خەو بینین
ئیتر نەجۆش نەمەستی نەهەڵپەڕین
کۆرپەی تەمەن خرایە ژێر گڵ و سەنگ

ئەی عومری کورتی لاوی ، مەخابنە
دێت و دەڕۆی هەروەك شنەی بەیان
تەڕ نابی لێو لە شەربەتاوی ژیان
بۆچ هێندە زوو بۆچ ئەم حوکمی مردنە

کوا خەونی خۆش ؟ کوانی پەیکەری ئاوات ؟
کوا جامە نەشئە بەخشەکەی سەربەستی ؟
کوا ئەو بتەی دەمویست دانێمە بەردەستی —
خونچەی دڵم پێش هەڵوەرین ؟ هەیهات ...

دڵی شاعر بەچەشنی گوڵی بەهار
تینووی دڵۆپی شەونمی جوانی‌یە
بەحەزرەتی تێك قوم کامەرانی‌یە
لە لێوی ژین ، لەنازی چاوی یار

کەچی جارێك ییێك دڵۆپە دڵشادی
نەنیشتە سەر پەڕی ژاکاوی ئەم گوڵە
نەکەوت بەگیانی تەزیوی ئەم دڵە
تاوێك نگای خۆرەتاوی ئازادی

هەمیشە بەندی داوی پێرەوی سەخت
قەفی زنجیری دیلی لەگەردەنا
تیری ستەم چەسپی جەرگی کون کونا
چاو دەگەڕا لە دوای تروسکەیی بەخت

بێهـووده بـوو تـەكـانو پـەلـەكـوتێـم
ئازاد نەبوو لـە قەفقەفی زنجیـر گەردەنـم
سـارێژ نەبـوو زامی جـەرگی كـون كونـم
تونـدتر بـوو بەنـدی گـرانی دەستو پێـم

بـەڵام هیـــوا ـ زادەی تـەمـەنــی لاوی
پرشـنگی گیـانی مەسـتی تەووژمی خـوێن
پـا بەند نەبوو قەت بـە داوی كاتو شـوێن
بـۆ ژیـانـی سبەی ، دەینـا هـەنگـاوی :

بـۆ ژیانێك كـە سـەر تـا سـەر تـەمەنـی
هـەر لاوی‌یەو تـەزووی خۆشـەویسـتی‌یـە
بـەختیـاری‌و خـەیـاڵاتـی مـەسـتی یـە
ژیـانێـك كـە هـەزار رەنگـە دیمـەنـی

گـەیشـتە چل ئیمسـاڵـە كـە تـەمـەنـم
چـــەند زوو رەویـەوە سەرابـی ئاواتـم
منی ئینســان ، منــی بـێ دەسـەڵاتـم
بـۆ كۆچی لاوی‌یـە فرمێسـكو شـیوەنـم ؟

○

بـای ده فلـوس رۆن

دیمه‌نێکی راستی کۆمه‌لایه‌تی : زستانی ـ ۱۹٦۰

چلـه‌ی زستان
به‌فـرو باران ،

گۆشتی ناسـك‌و جاوی کـۆن
ده فلوس‌و جامه‌کی فافـۆن

ـ : بۆچ ده‌گری کچه بچکۆله :
لێیدای ئه‌م هه‌تیوه زۆله ؟

ـ : نا ، مامه‌که ، ده‌گریم بۆ رۆن
که‌س نایدا بای ده فلووسی کـۆن .

ـ : بای ده فلـووس رۆن ؟
حه‌وت که‌س ده‌یکه‌ن به‌چی‌و ده‌یخۆن ؟

هاوازه خـوای ئـه‌رزو ئاســـمان
له‌م کۆلیته حه‌وت سـه‌ر خێـزان
رووت‌و قووت ، برسـی‌و تامه‌زرۆن
چاوه‌نـواری ره‌حمـه‌تی تـۆن ،
بـای ده فلـووس ، رۆن

بۆ شاری هەولێر

هەولێر ئەی شارەکەی جوانم
شانۆی هەزاران داستانم

هێلانەی پێ گەیشتنم
سەر چاوەی تێ گەیشتنم

مەڵبەندی تەمەنی لاویم
مەیدانی هەزار پڕتاویم

من ئەگەر چی شارنشین نیم
پیاوەکی لادێ بیو گوندیم

بەڵام وەك نیشانم داوە
پەروەردەی تۆیە ئەم پیاوە

بۆیێ ئەی شاری سۆرانی
خۆی بە کوڕی تۆ دەزانی

٥

ئەی بەهرەی شیعری رەوانم
ئەمجارە بۆ شاری جوانم

دەمەوێ گۆرانی بێژ بم
کۆشی مرواری هەڵرێژ بم

سا لەگەنجینەی مێژووی کۆن
بۆم بینە شعری گۆناو کۆن

بۆ چوار هەزار ساڵ بنوارە
عومری درێژی ئەم شارە

کام شارەك لە هاو تەمەنی
تاکو ئێستا پێ دەکەنی ؟

کام شاری کۆن لەم جهانە
تاکو ئێستا ئاوەدانە ؟

شووشەو ئەستەخرو نەینەوا
بابلو کار تاجەو تەروا

گشتیان دەمێکە وێرانەن
وەك حیکایەتو ئەفسانەن

ئەی مەڵبەندی هەرزەکاریم
هۆی زانین و خوێندەواریم

کام خشت و کام بەردی نووسراو
ناوی تۆ ناخاتە بەرچاو ؟

لــــه وەختێکــا کــــه نــــەینەوا
پــایەتەختێــك بــوو بــا هــــەوا

تۆش وەکو ئــەو جوانو قــۆز بووی
لــه ئــەویش پتــر پێــرۆز بــووی

گــەرچی ژێر دەســتی ئاشوور بووی
لای میدەکــان پــڕ لــه نــوور بووی

بــۆیــێ کــــەیخســرۆ بــەمــەردی
ئـــازادو رزگـــــاری کــــردی

دایمەزرانــد لـــه جــێی بتخانـــه
پــەرستە شگــاهـــی ئــاریــانــه

بــوویتەوە شـــاری (ئـــاهــۆرا)
ـ کــەخوای ئــاریای خوارو ژووره ـ

ئیتر هـــەر پیرۆزو پـــاك بـــووی
هــەرجێی زانسـت و رۆناك بــووی

تــانەتــەوەی کــــورد بــــەگشـــتی
وازیـــان هێنـــا لــــه زەردەشـــتی

روویـــان کـــردە قیبلــەی تـــازە
کـــــەوا لـــــه دەشـــتی حیجــازە

لەو وەختەوەش ئەی شاری جوان
هەر شاریت و هەر ئاوەدان

هەر قوتابخانەی زانستی
هەواری کوردی سەربەستی

تەنانەت لەشکری تەتەر
کە خۆرهەلاتی گرتە بەر

نەیتوانیوە تۆ داگیرکا
ئافرەت و پیاوت زنجیرکا

ئەی شاری سوڵتان (مظفر)
سوڵتانی ئازاو دادپەروەر

منی دڵسۆزی سوڵتانت
دەگەڕێم جادەو کۆڵانت

نابینم بۆ یادگاری
نیشانێکی وەفارداری

چەند بەلای گۆڕی رادەبرم
لە شەرمەزارییان دەمرم

بۆچ ئەم گومبەتە رووخاوە
هەر وێرانەبێ‌و کەلاوە ؟

نه دیوارێکی لە مەڕمەڕ
نە گولزارێکی جوان و تەڕ ؟ !

بەڵام ئەی گەورە سولتانم
جێی نازی رابەرخانم

کەی پێویستی بۆ یادگار
بە گۆڕو گومبەت و دیوار ؟ !

تۆ کە هێندە پایەداری
هەتا مێژوو ماهێ دیاری •

دیاری لە سەد کتێبی کۆن
کە پڕ لە ستایشی تۆن

چونکە نووسەرو دانەریان ،
سەر چاوەی بەهرەو هونەریان

قوتابخانەکەی هەولێر بوو
کە هەزارانی لێ فێر بوو

چەند داناو چەند مێژوو زانی
وەك (مستوفی) و (خەلەکانی)

پەروەردەی ئەم هەواو خاکەن
تێر ئاوی ئەم ئاوە پاکەن ! !

ئێستاش منارەکەی چۆلی
دەگری بۆ بەختی کلۆلی

بۆ رەنگی هەڵبزرکاوی
سەرو تۆپەڵی رووخاوی

بۆ هەرەتی شۆخو شەنگی
نەخشو نگاری سەد رەنگی

بۆ باخو حەوشو حەساری
ژوورو هەیوانی هەزاری

بەڵام ئەی سولتانی گەورە
لای من زیندووەئەو دەورە

هێشتا ئەم منارە رووتە
لە گەڵ تاقی ئاسمان جووتە

وەك دەستێکە ، چرا هەڵگر
بۆ یادگاری تۆی نەمر

٥

ئیتر ئەی شاری هەولێرم
بە خودای گەورەت دەسپێرم

هەر خۆشو هەر ئاوەدان بی
رۆناكو پێشکەوتوو و جوان بی

مەڵبەندی رۆڵەی نەبەرد بی
جێی نازی نەتەوەی کوردبی (١)

٥

---

١ ـ ئەم هەڵبەستە ، لە کۆتایی شەستەکاندا لە
یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هەولێر) دا بڵاو
کراوتەوە • کومبەتی (سولتان موزەففەر) و
منارەی چۆلی لە پاشاندا چاك کراونەتەوە •
(رابعە خاتوون) یش ، خێزانی ئەو بووەو
خوشکی (سولتان صلاح الدین) بووە •

شوێنەواری بەعلەبەك ـ لە لوبنان

ـ ١ ـ سالی: ١٩٥٧

قـەڵای بەعلەبەك ٠ ئـەی ئارامگاهی بەشـل‌و چۆپیتـەر
کێ تۆی دروست کرد ، خواکانی رۆمان یا دەستی بەشەر ؟

ئەی هونەری جوان ، ئەی باخی پڕ لە گوڵی جۆراو جـۆر
چەند هەزار ساڵە دەدرەوشـێیەوە بەرامبـەر بەخـۆر ؟

چەند هەزار ساڵە ئەو هـەموو نەخش‌و دەستکردە ووردە
هەڵدەگرن بـۆ مان رازی هەزاران سـەرو سـەربردە ! ؟

O

٢ ـ حـەوزی ئیمپـراتـۆر

حەوزی ئیمپراتۆر ، دیوار لە مەڕ مەڕ ،سەر چاوەی جوانی
هەنگـوینی شـانـەو مێـوەی درەختی فەننـی رۆمـانی

جاران ئەم حەوزە پڕ دەبوو لە ئاو بۆ مەلەوانی
خۆیان تێ دەخست دەستە بە دەستە کچی ڕۆمانی

ئەم حەوزە جوانە ، ئێستا وێران و ووشك و بێ ئاوە
نە گوڵ نەخرنچە ، نە بنەوشەی مۆر نەیێك لاولاوە

دەڕازێننەوە باڵای شیرینی ، نەفریزی سەوز
دیارە و لە سەریا پۆل پۆل کچانی ڕۆمان بدەن گەوز

○

٣ ـ نەخشی ڤینۆس

ئەی ڤینۆسی شۆخ ، خوا ژنی جوانی، دایکی دڵداری
سەرت بڵند کەو چاوت هەڵێنە ، بەس چاوەنواڕی

نازدارەکانی ڕۆمان نەماون بوون بە ئەفسانە
قەڵای بەعلەبەك ، عەرشی چۆپیتەر تەرت و وێرانە

منم دانیشتووم ، لە نێو ئەم حەوزەی دیوار لە مەڕمەڕ
چەشنی سەوداسەر دەگەڕێم بە دووای شوێنی ڕانی تەڕ

لێوم خستۆتە سەر لێوەکانت بۆچ هەست ناکەی پێم
بۆ سەیرم ناکەی بەغەمزەی چاوان ناپرسی من کێم ؟

من کێم !؟ کۆیلەی تۆم بەرەو هەیوان‌و تەختی ئیمپراتور
وەستاوم لەگەڵ یادی رابردوو و خەیالاتی زۆر .

O

٤ ـ پەیکەری شێران

ئایا پەیکەرە ! بەردی بێ گیانە ! پلوسکەی ئاوە !
یاخود هەر شێرەو بۆ پاسی ئێرە هەڵتوترکاوە ! ؟

ئەی شێری بەسام ، ناوێرم گەلێك بێمە بەردەمت
نەك چەپۆك گیرکەی لە تەپڵی سەرم ، بمکەی بەژەمت

بەس پێم نیشاندە ، دەمی بەخوێن و گیرەی ئاسنی
کەمێك رووخۆش‌بەو دایمرکێنەوە گیانی دوژمنی

بەخوێنی ئینسان تەڕ نابێ دەمت وەك جاری جاران
چیتر لە بن گوێت ناژرنگێتەوە قاقای نازداران

ئایا هەست ناکەی بەم دوو کچانەی سواری پشتت بوون!
یا چاوەنواڕی تەختی کردگاریکەی سەرنگوون ؟

O

٥ ـ شانۆی سەما

ئەم سەر ئەو سەری ، شانۆکەی سەما هەشت نۆ هەنگاوە
شەکلی هەشت گۆشەو بە بەردی سپی بەرد ڕێژ کراوە

کەوتۆتە بەردەم لۆجی تایبەتی گەورەی پایەدار
تا لە بەرچاویا لەشی نەرم و ئەل پێچ بخوا وەك مار

ئیمپراتۆر لەسەر تەختی زێڕیندا سەر دەهەژێنێ
کە زیوەی گیتار جوانەی سەماکەر هەڵدەفڕێنێ

لەبەر دەمیایە جوانترین دەستە کچی رۆمانی ،
دەورو پشتیشی پەڕژین ئاسایە ، ئەلقەی پیرانی

O

٦ ـ سەدای رابردوو

ئاوازەی گیتار ، سەدای گۆیندە ، سروەی سەماکەر
کە وەك پەپوولە سووك هەڵدەفڕی لەم سەر بۆ ئەو سەر

فیقەی کەڕەنا رمبەی دەهۆڵی شەڕو سەرکەوتن
چرکەی پەیتوون و ترپەی سەربازان لە چوون و هاتن

منیان بردەوە چەرخی جۆلیۆسی گەورەو پایەدار
کام جۆلیۆس!. ئەوەی سەری بۆ دەنواند دنیا ژوورو خوار

خۆزیا برادەر وازت دەهێناو دەڕۆییت بێ من
دەوەستام بەرەو جوانەی سەماکەر تا رۆژی مردن

٧ ـ هەیکەلی بەعل

هەیکەلی بەعل شەش ستوونەیە کشاوەتە ئاسمان
پەردەکەی سەریان ئایەتێکە بۆ هەلکۆلینی جوان

لێرەدا قەیسەر تاجی شاهانەی دەنایە سەری
ئێرە بوو قیبلە بۆ دادخواستن و بۆ پەنا بەری

ئەی پیری هەیکەل ، دەستم داوێنت ، کوانێ یارمەتی !
بەرەو مەزارگات مل کەچ وەستاوم سەر کۆت ، پاپەتی

بۆم جێ بە جێکە ، ئاواتم ، هیوام ، خواستم ، نیازم
دەستی یارمەتی گەر لە تۆ نەبێ لەکێ بیخوازم ؟

○

٨ ـ پەرستەشگای باخۆس

ئەی هونەری بەرز ئەی پەرستەشگای خوای شەرابی سوور
منیش وەك خەیام باخۆس پەرستم هاتووم لەرێی دوور

جوانتری لە کچ ، کچی شازدە ساڵ ، کچی یۆنانی
لە هێلینی شۆخ ، لە ڤینۆسەکەی خوا ژنی جوانی

بنـواڕە ڤینـۆس ، نەخشێکــە لــە تــۆ بەنـدی دیـوارە
چەند هەزار ســاڵە چاو لــەرێی مارس هــەر چاوەنواڕە

چ بکەم ! ئەی بێشکەی هونەری رۆمان، ئەی شوێنی پیرۆز
ناتوانی کەمێــك وەصــفی جوانیت کــا منی بیر ئــاڵۆز

هاتووم بنواڕمە. نەخشی ڤینۆس و هێشووی ترێی سوور
لــە دەست باخــۆسدا دەدرەوشێتەوە وەك شەپۆلی نــوور

کاســی بخــووزم ، مەســتی شــەرابی دەستی باخۆســم
دڵ پەیکاوەکــەی تیــری دوو چــاوی جــوانی ڤینــۆســم

بەندەی ناهیتام . کوشــتەی کەیۆپید ، کۆیلەی چۆپیتەر
سەر بە کەیخسرۆم . کوردم بە قەیسەر نادەم باجی سەر

هونەر دۆستێکم ، هاتووم بــۆ سەردان ، ســەردانی کابە
ئەی کابەی هونەر ، تــۆش لە سکاڵای من بــە ئاگابە (●)

○

● لە میتۆ لۆژیای یۆنان و رۆمانــدا :
ڤینۆس : خــوا ژنی جوانیی رۆمانەکان بــووە ، بەرامبەر بــە (ئەفرۆدیت) ی یۆنانیــەکان .

● چۆپیتەر : گەورە خوای رۆمانەکان بوە بەرامبەر بە (زەیۆس) ی یۆنانــەکان .

● (مارس) : خوای شەڕو مێردی (ڤینـۆس) بوە ٠
● (کەیوپید) : خودای دلداری یۆنانـەکان بـوە ٠
● (هیلین) : ژنی مەنیلاوس ـ پاشای « سپارتە بووە بـە دووای پاریس ـ ی ـ کوڕی پریام ـ ی ـ پاشای تەرِوادە کەوتوەو ئەم ڕووداوەش بوە بـە هۆی داگیرسانی شـەڕی تەرِوادەو هەوێنی داستانەکانی (هۆمەر) واتا (ئەلیادەو ئـۆدیسە) ٠
● (ناهیتا) : خێلەکانی هەزاران سال لە مەو پێشی کوردستانو هەرێمەکانی شاخاوی ئەمـەیان بـە خـوا ژنی کانیو ئـاوان نـاسـیوە ٠

○

یادێکی ڤیەنا

خۆشە ئینسان گیرفانی گەرمو گورج بێ
ئەرکی سەرشانی سووك بێو تازە کورج بێ

شارەزای چەند زمانی رۆژ ئاوابێ
عشقی جوانی بەخوێنیدا گەڕابێ

ئای چەند خۆشە لە حاڵێکی وەهادا
بە ڕێبواری بگەڕێی لە دنیادا

o

ئەگەر چی من لەمانە گشت کەم بەش بووم
بەلاّم هێندە بۆ گەڕانێك سەر کەش بووم

ئەوا ئێستا مێوانێکم لەم شارە
ماوەم کەمو ئاوات هەزار هەزارە

هێندە مەستم ، ئەوەندە بۆی پەرۆشم
بێ مەی نۆشین بە شەوو رۆژ سەرخۆشم

وەك سەرگەردان وێڵی شەقامەكانم
هەر جوانی‌یە بۆ هەر لایەك دەڕوانم :
(١)
هەر مەیدانە ، باخە ، پەیكەرە ، كێڵە
هەر دیمەنی كێشكەری نگای وێڵە
(٢)
چاو تێرنابێ لە (كارتنەر شتراسە)
كە تەرخانە بۆ پیادەو بۆ پیاسە .
(٣)
(ماری هێلفەر) شەقامێكە شاهانە
بۆ ئەم شارە ، شادەمارو شریانە
(٤)
(بەلڤادێر) ستوونەكەی بەرهەیوانی
پالەوانێك دایناوەتە سەر شانی .

گەنجینەی پڕ سامانی تابلۆو رەسمە
بۆ تێشووی گیان ، جارەك دەیبینم بەسمە

(شوێنبرۆن) هەر ژوورو هەر سالۆنی(٥)
جهانێكە بۆ یادگاری كۆنی .

بە هەر پەناو پێچێكیا رادەبردم
لە بن لێوان ، یادێك بانگی دەكردم :

ئـەم تەلارە جـێی (مـاری تیـریزا) بـوو
ناودارتـرین فەرمـانـڕەوای نەمسـا بـوو

ئەم ژوورەش هی (ئەنتوانێت) ی نەفامە(٦)
چـۆن بـزانی داخـوا چـی سـەرەنجامـە !

(ناپلیۆن) کـە لـەم شـوێنەدا میـوان بـوو
تـازە (ماری لویـزا) ی دەزگیران بـوو«٧»

هـۆلـی گـەورەش گـۆڕەپانـی تـەئریخـە
پـڕ لـە سـەدای کۆنگـەرەو مەتەرنیخـە(٨)

٥

ئـەی شوێنبرۆن هـەر چەندە بێ هـاوتا نیت
بەڵام هەر کیز بـۆم ناکـرێ وەسفی جوانیت

مەگـەر بڵێـم تـاجـی سـەری نەمسـاتـی
گـرژینـەوەی سـەر لـێوی ڤیەنـاتـی

٥

لە (گرینزنگ) کە مەڵبەندی باخۆسـە (٩)
هـەر جـوانێکـی دەبینـی وەك ڤینـۆسـە

هـەر مەیگێـڕی نـازدارو پەرچـەم زێـڕن
بـادەی شـادی بـە نێـو خـەڵکا دەگێـڕن

تــوخوا جــوانی زێــڕین پــرچو کــاڵ چــاوم
مەخــرۆشــێنە تەنــدوورەی دوڕ هــەنــاوم

ڕێبوارێکـــم تێنـــووی دیمـــەنی شـــــارم
دەمـــەوێ تێــر لــەم شـــوێنـــانە بنــوارم :

ئوپراخانە ، بێرگ تیاتــر ، پارلەمـــان(١٠)
هۆلبۆرگی‌مەنــدە،کاتەدرای سان ئەستیفان(١١)

ئــەی کاتەدرای کلاوقــووچی گــۆتیکی(١٢)
هێنــدە بــالای ، لــە پێچکەی عــەرش نزیکــی

بــم بــەخشــە گــەر ڕێگــام بــۆ ئــۆپێرایــە
لای هــونەر دۆست ، ئەویش وەك مەزارگایــە

ئــۆپراخــانە ، کانگــەی هــونــەری بــەرزە
لــەم شــارەدا ، زیــارەت کــردنــی فــەرزە

نمــوونــەی شێــوازو فەننــی بارۆکــە(١٣)
وێنــەی کەمــە لــە جهــانــدا ئیمــڕۆکــە

دەری ، ژووری ، داری ، بەردی ، دیــواری ،
هــەر بســتێکی ، هــونەرێــك دەکــا دیــاری

تــاقی قوبــەی وەك قوبــەی ئاســمان جــوانە
شــاکارێکــی دەســـــتو پــەنجــەی ئینســـانە

هـۆلی بەرین ، کالـەری سێ قـات بـەرزی
لێی چـۆل نەبـوو بەقەد جـێ نووکی دەرزی

بەرنامەی شـەو ، سەرتاشی ئەشبیلیابوو(١٤)
تـەلـەسمێکـی دراماو مـۆزیقـا بـوو

شانۆی ژێـر تیشکی رۆناکیی رەنگاورەنگ
زەنگول زەنگول لێی هەلدەستا نەغمەو دەنگ

ئۆرکێسترا ، کۆرس ، لەرەی سۆپرانـۆ (١٥)
دیمـەنو دیکـۆری جـوانی سـەر شـانۆ

دنیـایـەکی ئـەو تـۆیان هێنـا کـایـە
کـە پیـاو هـەر بـە خـەیالیشـی دانـایـە

تەمـاشـاکەر ئەوەنـدە واق وورمـاو بـوون
بێ هەستو خوستدەتگوت پەسکوێچکەوچاوبوون

کـە مۆزیقـاش لـە گـەل سـەدای ئیتـالـی
بـەرز دەبـۆوەو دەیـدا لـە شـەقـەی بالـی

جۆشـیان دەسـەند تێکـڕا ئـەو هـەزارانـە
رادەهـەژا قـوبـەی ئـۆپـەراخـانـە

ئـەمجـا کاتـی کافتێـریاو پشـوودانـە
دنیای بـۆنو بەرگو ئافرەتـی جوانـە

ئەی ئافرەتی شۆخو شەنگو رازاوە
ئەم لافاوەی جوانیت لە کوێ هێناوە !

ئەم شەپۆلی عەترە ، ئەم سیحرو نازە !
ئەم نواڕینو زەردەخەنەو نیازە !

عومرەك دێنێ کاتی پشووی ئۆپێرا
بە رامبەرت بوەستم لە کافتێرا .

•

دووای ئۆپێرا ، کێلەرێك جێگای ژوانە (١٦)
ئۆگستاینەر ، جوان بووکی مەیخانانە

کەشەو داهات ، ئیتر گەرمە بازاڕی
لێو ڕێژ دەبێ لە ڕێبوارو لە شاری

ژنو پیاوو پیرو لاوو سپیو رەش
کۆدەبنەوە دەستە دەستە پێنجو شەش

لە پشت کاونتەری باڕی مەیخانە
وێڕا ناگا ساقی پڕکا پەیمانە

ریز لەسەر ریز شووشەی رەنگ سپیو سوورە
بەسەر سینگی باڕدا چەشنی بەرموورە

ئەی کێلەری ئۆگستاینەر ، زۆر پەستم
ئیمشەو تەنیام ، لە بەر دەرگات دەوەستم

چـاو دەگێـڕم بەڵکـو شـۆخێـك پـەیدابـێ
وەك من شـەیدای جـوانیی هەمـوو دنیـابێ

بیتـە هـاوڕێو رابـەری ئـەم هێـــوارەم
یـاقـوتێکـی رشـــتەی ئـەم یـادگـارەم

ڤیەنـا چـۆن لـە خـەوما دەمـدیی وابـووی
زۆر زیـاتـریش جـوانو بـەرزو باڵابـووی

تـا ماویشـــم بیـرەوەری ئـەم گـەشـــتە
لـە پێش چـاوی خەیـاڵما وەك بهـەشـــتە

O

---

١ ــ کێل = ستوونە بەردی مێژوویی وەکو کێلەگەی (کێلەشین)٠
٢ ــ شەقامێکی زۆر جوان و تایبەتی پیادەڕۆیانە ٠
٣ ــ شەقامێکی زۆر کۆن و درێژە ٠
٤ ــ (بەلڤادێر)٠کۆشکی (فرانس فەردیناند)ی برازای ئیمپراتۆری نەمسا فرانس جۆزێف)بوە ، ئێستا مۆزەخانەیێکی بەناوبانگەو پڕە لە تابلۆ رەسمی بەنرخی جهانی ٠
٥ ــ (شوێنبرۆن) کۆشكو تەلاری هاوینانەی ئیمپراتۆرەکانی (نەمســا ـ مەجـەڕ) بـوە ٠
٦ ــ مەبەست « مـاری ئەنتوانیت » ی ژنـی لوویسی شـازدەمی فـەرەنســـایە ٠
٧ ــ کچی ئیمپراتۆری نەمسا (فرانسیس ی ــ یێکەم) بوەو بـۆ بەرژەوەندی سیاسی ، شووی بە (ناپلیۆن) کردوە ٠

٨ ـ لە دوای شكانی (ناپلیۆن) ، كۆنگەرەی ڤیەننا (١٨١٤ ـ ١٨١٥) لەم تەلارەدا كۆبوونەوەكانی دەكرا . (مەتەرنیخ ـ كۆنت كلیمانس ڤینتسل) سەرەك وەزیرانی نەمسا بەرچاوترین سیاسەتمەداری ئەوسا بووەو كارێكی زۆری كردۆتە سەر بڕیارەكانی كۆنگەرەكە . ئێستا وێنەیێكی گەورەی لەم هۆڵەدا هەڵواسراوە .

٩ ـ گرینزنگ : گوندێكە لە نزیك ڤیەناو مەیخانەكانی زۆر بەناوبانگن .

١٠ ـ بێرگ تیاتر : شانۆخانەیێكی ناودارە .

١١ ـ هۆفبۆرگ : كۆشكو سەرای زستانیی ئیمپراتۆرەكانی نەمسا ـ مەجەڕ بووە .

١٢ ـ گۆتیك : Gothic = شێوازێكی هەندەسەكارییە ، كاتەدراكان ، لە سەدەی حەفدەم بە دوواوە ، بەم شێوازە دروست دەكران . گومبەتەكانیان قووچو بڵندنو تاقی پەنجەرەكانیان تیژنو بۆ سەرەوە هەڵكشاون .

١٣ ـ بارۆك (Baroque) : ئەو بابەتە دیكۆرانەن كە لە سەدەكانی حەڤدەمو هەژدەمدا دەرو ژووری كاتەدراو تەلارەكانیان پێوە دەرازایەوە .

١٤ ـ سەرتاشی ئەشبیلیا : یەكێكە لە ئۆپێرا هەرە ناودارەكانی مۆزیقاكاری ئیتالی (جیۆشینۆ رۆسینی : ١٧٩٢ ـ ١٨٦٨) .

١٥ ـ سۆپرانۆ : Soprano ـ بەرزترینو ناسكترین دەنگی ئافرەتە لە ئۆپێرادا

١٦ ـ كێلەر = مەیخانە . ئۆرگستاینەر كێلەر : مەیخانەیێكی بەناوبانگی ڤیەنایە .

دەردی دووری

لە مێژە دڵ دەچێژێ دەردی دووری
دەمێکە چاو دەڕێژێ ئەشکی سووری
کە دڵ خۆراکی قەندی لێوەکەت بێ
بەبێ ی ماچی دەمت نایبێ سەبووری

ئەگەر نازە ، لە چاوانت تەمامە
وەگەر رازە لە لێوان بۆی نەمامە
بە ئاواتو نیازی رازو نازت
بە قوربان عومری شیرینم تەمامە

گەڕی خوێنم لە لەشدا پڕ خرۆشە
لە سەرتاپای وجوودم بۆت پەرۆشە
لە کوورەی ئاگری دۆزەخ چ باکم
کە هێندە ئاگری عشقت بە جۆشە

وەکو تەم بوو هەموو خەونو خەیاڵم
نە ماوە هێزی ئەژنۆو تینی باڵم
لەسەر لێواری هەڵدێری جودایی
بەیادی خۆشەویستانم دەناڵم

چە رەنجێکە غەریبیی دوورە شاران
چە ئازارە عەزابی ژەهری ماران
لە جالی کەستەماران کێ دەزانێ
بە غەیرەز دابڕاوی دۆستو یاران !

لە کوێ ئەی یادگاری ساڵی پارم ؟
لە کوێ ئەی نازو عیشوەی چاوی یارم ؟
لە چلەی فەسلی زستانی جودایی
پەلم بگرە بەرەو مێرگی بەهارم

٥ .

بارەگای یەزدان

(بەیادی بلبلی خۆشخوانی بۆستانو گولستان)

لەگەڵ (سعدی) بە پێی دەستووری جاران
بەدەروێشی بە دوور کەوتم لە یاران

گەڕام خاوەر گەیشتمە چینو ماچین
گەلێکم دیت لە دەستوورو لە ئایین

گەلێکم دیت لە میرو شای شکۆدار
لە بێچارەو هەزاری دڵ بریندار

لە شۆخانی گوڵم ئاڵو پەری روو
لە پیرانی پەرێشانو سپی موو

سرنجم دا لە گۆڕانی زەمانە
لە ئەرزو ئاسمانو ئەم جهانە

سرنجم دا ، تەماشام کردو ، بیستم
بەبێ پەروایی کردم هەر چەویستم

شەوێك یەزدان پەرست بووم تابەیانی
شەوێکیش مەستی بادەی ئەرخەوانی

شەوێك میوانی هەیوانو سەرا بووم
شەوێك یەخسیرو سەد زنجیر لە پا بووم

دەمێك دڵ پڕ لە شادیو پێکەنین بووم
دەمێکیش ماتو دووچاری گرین بووم

لە بتخانەو کلیسەو دێرو مزگەوت
لە کونجی خانەقاو تەکیەو لە ئەشکەوت

لە گەڵ زوهدو پەرستندا خەریك بووم
زەمانێك بوو لەگشت خەڵکان تەرێك بووم

هەتا رۆژەك سەدایەك هات لە ناکاو
گوتی : ئەی رێ نەناسی خانە سوتاو

گەلێك کەوتی بەشوێنی ئارەزووی بەد
خراپیو نابەجاییت کرد هەزار سەد

ئەمێستاکەش پەشێمانی گوناهی
بە هیوای ئاورێکی پادشاهی

ئەوا پوورردی ، لە کردارت ، لە کشتی :
خراپی‌و ناپەجاییی‌و پەد رەووشتی ،

بەلام بێزانە ، هێشتا ئەو نەناسی
لە ئەو دوورو پەرێشان‌و کەساسی

خودای گەورە ، ئەگەر چی بێ هەوارە ،
لە هەر شوێن‌و لە هەر جێگاش دیارە ،

بەلام جێگای بەڕاستی‌و بارەگاهی
سەراپەردەی بلندو تەختی شاهی

لە شوێنێکە کە سەر چاوەی ژیانە
بە شادی ، وەك بهەشتی جاویدانە

لە دلدایە ، دلی گەورە دلی پاك
لە گەردی کینەخالی ، ساف‌و رۆناك

وەکو کان پڕ لە گەنجی میهرەبانی
دلێکی مەستی عشقی ژین‌و جوانی

○

بەیادی مەولانا جەلالوددینی رۆمی

(لە دووای تەماشاکردنی – مثنوی معنوی – نووسراوە).

ئەی جەلالوددینی خاوەن مەسنەوی
تیم بگەینە رازی شعری مەعنەوی

چۆنە عشقی پرتەوی پاکی خودا ،
هەر هەبووی دەشبێو دەمینێ تا هەتا

لەم بیابانەی بەرینو بێ سنوور
لەم شەوی تاریكو بێ پرشنگی نوور

رابەرم بە رێ نەزانو سەرکەشم
دەستگرم بە پڕ گوناهە باوەشم

شەرمەزاری بیرو کرداری بەدم
چاوەڕێی یەك نەختە لوتفی ئێزەدم

٥

ئافەرین بۆ تۆ جەلالوددینی رۆم
کەر دەزانی چەندە من مەفتوونی تۆم

چەندە ئاوارەی سروودی مەسنەویم
سەرھەوا یا مەستی عشقی خسرەویم

هەر دەمەی دەبیەم سەدای ناڵەی (فراق)ـ
هەڵدەڕێژێ (شرح درد اشتیاق) (١)

دڵ دەڕێژێ خوێن و چاو فرمێسکی سوور
جۆشی عیشقم گڕ دەسێنێ وەك تەنوور

بلبلی گیانم دەناڵێنێ بە کوڵ
بۆ دڵۆپەك شەونمی سەر کولمی گوڵ

بۆ کەمەك زانینو نەختەك یەکدڵی
ئەی گومان، لەم بەندە ئازاد کە ملی

بلبلی گیان، مەیلی سەربەستی دەکا
ئارەزووی بینینی گوڵ مەستی دەکا

لەم جهانی بەندەگیو ناسووتیە
هەر لەیادی گوڵشەنی لاهووتیە

بۆ نەیستانە گریو شیوەنی
یار لەوێ دەستی دەخاتە گەردەنی

سا وەرە ئەی نووری زانینو یەقیـــــن
ئەی هەناسەی خۆشەویستیی ئاگریـــــن

هەلکڕووزێنە پەڕو باڵـــی گیـــــان
بیکە یەك زەڕەی هەبوونـــی جاویـدان

○

---

١ ـ دەستنیشان کردنی ئەم بەیتەی مەسنەوییە :

سینه خواهــــم شرحـــه شرحـه از فـراق
تابگویـــــم شـــرح درد اشتیــــــــاق

لەگەڵ کاروانی دڵاندا

« عشق: ئاگرە، ئەن: چیایێ توورە »
« دل: ئەو شەجەرا ب نارو نوورە »

ـ خانی ـ

« ادين بدين الحبّ انّى توجّهتْ »
« ركائبه ، فالحبّ دينى وايمانى »

ـ محیالدین ابن عربی ـ

« راهیست، راهی عشق که هیچش کنارە نیست »
« آنجا جز آنکەجان بسپارند چارە نیست »

ـ حافظ ـ

« اگر دڵ دلبرو دلبر کدام است ! ؟ »
« وگر دلبر دڵو دڵرا چە نام است ! ؟ »
« دڵو دلبر بهم آمیتە وینم ، »
« ندونم دل کەو دلبر کدام است ! »

ـ بابا تاهیر ـ

بە یادی ڕێبوارانی ڕێگای خۆشەویستی

وەفاداری چە خۆشە ئەی دڵی من
فیداکاری چە خۆشە ئەی دڵی من
ئەگەر ئەو شۆخە بڕوانتە برینم
برینداری چە خۆشە ئەی دڵی من

بە ڕۆژ مەستی خەیاڵاتی گوڵێکم
بە شەو بیداری ناڵەی بلبلێکم
لە تیو سینەی قەفەز ئاسام خودایە
چییە هێندە گرفتاری دڵێکم

لە باخاندا دەڵێن گوڵ داڕژاوە
هەموو دارێکی کردۆتە کەژاوە
بە من چی گوڵ لە باخان هەڵڕژابێ ،
کە خونچەی لێوی خەندەی تێ نەزاوە ! .

ئەوینداری دەبێ هەر سەر بە سەر بێ
یەکێک مۆمو ئەویتریان فەنەر بێ
دەبێ هەر وەک مەمو زینان بە تیرەك
دڵی دلدارو دلبەر دوو بە دەر بێ

بە دڵ ، خوێنێکی رژراوی ئەوینم
جگەر ، گۆشتێکی برژاوی ئەوینم
بە گیان ، وێڵی بیابانی نەمانم
بە تەن ، لەو دەشتە نێژراوی ئەوینم

پەرێشانم ، بە ئێشانم ، پەرۆشم
بە دەردی چاوەکانی ئەو نەخۆشم
بە نوارینێکی گەرمی سەر فرازم
لە کووچەی خۆشەویستان بادە نۆشم

چە رازێکی نهێنە خۆشەویستی !
چە سیحرێکە دڵان لێکتر دەبەستی ! ؟
لە پیرێکی خەراباتم کە پرسی
پیالەی پڕ شەرابی گرتە دەستی

شەرابێك ، رەنگ لە پڕشنگی هەتاوان
شەرابێك ئاگرێکە بۆ هەناوان
شەرابێ، گیان دەپاڵێوێ لە خلتەی
هەبوونی پڕ لە رەنج و پڕ لە تاوان

فرێکی ئەم شەرابەی تێزەدانی
نیشانی دام بلێسەی جاویدانی
لە پشت پەردەی نەزانین و نەمانا
جوانی ، خۆشەویستی ، زیندەگانی

٥

سروودی سەربەستی

چرای سوکرات

(بە زمانی ـ سوکراتـەوە ، لەو دەمەدا کە خەریکە ژەهراو بخواتەوە ، بە پێی ئەو حوکمەی کە پیرەکانی ئەتینا دەربارەیان دابوو) .

٩٥٦

برای من ،
وەرە پێش چرای من

نەوەك چرایانە
بێ ژمار پەروانە

بەدەوریەدا دەفڕن
شەوقی لێ وەردەگرن

دەبن بەترووسکە
بە گڕپەو بڕووسکە

وەك خۆرەتاوی پاك
جهان دەکەن رۆناك

○

ئەی شەمشەکوێرە
بە دوورکەوە لێرە

برۆ بەدوور کەوە
بۆت ناکوژێتەوە .

چرای من : راستی یە
شەوقی: سەربەستی یە

بە خوێنە سۆتانی
شەهیدە ، زمانی

- برای من !
وەرە پێش چرای من .

کارەساتی سەربەستی

«کە شۆڕشی فەرەنسا ، گەیشتە پلەی تۆقاندن ، یەکێک لە قوربانییەکانی ئافرەتی جوانو خوێندەوار (مەدام رۆلان بووە. ئەمەش کە بۆسەر بڕینیان برد، لەبەردەمی چەقووی گەورەی سەربڕین(جیلۆتین)دا پێی داچەقانـدو قیژانـدی ؛ ئـای سەربەستی بەچەندان تاوان بەناوی تۆوە دەکرێن ، »

۹٦۸

لەسەر گـۆڕی دیموکراسی
کەسەر بەمتی‌یـان هەڵواسـی

بیر، گـریاو پرچـی دارنـی
رژیم ، شێتـانـە پێکەنـی

O

کۆنو تـازە ••
کامیـان لـە کـام جیـاوازە

سوکرات دەبێ ژەهـراو فڕکەی
جەللاد سەری حەلـلاج بڕکـەی

مەدام رۆلان

لەبـــەر دەمـــی جیلۆتینـــا
ســـەری بـــەرزت دانەوینـــە

خوێنـــەو شۆڕشـــ

ئـــازادی ..

ئادەمیـــــزادی ... !

چـــس

○

ـ : رێی سەربەستی تاریکەو دوور
کێ هەڵدەکـا بەیداخـی ســـوور ؟
کێ دەبێتـــە بڵێسەی نـــــوور؟

ـ : من بڵێســـەم، مـــن بەیداخم
هەزار سوکـراتو پالاخـــــم !

گیانـــم : ئاگـــر
خوێنـــم: نەوتـــە ،

سەربەستی:

کلپەم،

پڕتەوتە.

ە

- یان پالاخ لاوێکی چیکۆسلۆڤاکی بوو بۆ دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بەرووداوەکانی سالی (١٩٦٨)ی ئەم وولاتە لە گەورەترین مەیدانیشاری (پراگ)دا خۆیسووتاند.

دیسان سەربەستی (١)

(ئادەمیزاد مەحکومە بەمردن ، بەلام لە هەر هەڵوێستێکی ژیانی رۆژانەیدا توانایی هەیەبڵی (ئا)یاخود «نا»٠واتا،رووداوەکانی دەوروبەری قەبوول بکات یا نەکات ٠ هەر ئەم توانایی ئا) و « نا » گوتنە ، جەوهەری سەربەستی یەو ، هەر ئەمەشە پاکانە بۆ بەرپسیاری ئادەمیزاد دەکات ٠)

ئینسانێکم ،
هەمیشە هەڵواسراوم ،
بەیێك داوە دەزووی خاوی هەبوونا
لە لێواری تاریکایی نەبوونا

گیاندارێکم ،
کورتە ماوەی ژیانم
هەرگیز بەسەر حوکمی مەرگا زاڵ نابم ،

لــه نێوانــی ،
ئاوات و نائومێدی
مەترسی و دڵنیایی
هەڵــواســـراوم ،
لــە سەر لێوی پۆشــایی

دوێنێی مــردوو
بەیانیی دانەهاتوو ،
هیچ کامەیان ، لەم کاتەدا هی من نین ،
مەگەر ئێســـتام ،
کاتی ئێســتای ژیانــم ،
کە هەست دەکەم ، کەمێك گۆشت و ئێســقانم .

ئەی ئێستاکەم ،
دیلــی تــۆ ، نیــم
ســەربەســتم
مەحکومیش بــم ،
بــە تــۆ
بە خــۆم
دەوەســـتم ،

٥

١ ــ لە حەفتاکاندا بڵاو کراوەتەوە .

هەمیشە سەربەستی

«هەر سەربەستی مەرجی بنەڕەتی مرۆڤایەتی مرۆڤە» :

کاروانی بیر ،
سەختە ڕێگای هەورازی •
هەر بستێکی ،
قوربانی‌یەك دەخوازی •
هەرهەنگاوێك ،
لەم ڕێگایە دژوارە •
شەهیدێکە ،
هەڵواسراوی سێدارە •

کاروانی بیر ،
دەڕوا بەرەو هیوای دوور •
لە تاریکی ،
بەدی دەکا ئاسۆی سوور •
پڕ لەزامە ،

ژێر قاچی ، لەپی دەستی ·
ماندوو دەبێ ، «١»
بەڵام هەرگیز ناوەستی

کاروانی بیر ،
کاروانی خوێن و ئێسقان ·
کاروانی مێژووی ئینسان ·
دەڕوا بەرەو مەبەستی ،
ماندوو دەبێ ،
بە چۆکدا دێ «٢»
بەڵام هەرگیز ناوەستی
لە ئاسۆی دوور
تاوچاو بڕکا بەرەو ژوور ،
دەجریوێنێ ،
مەستی دەکا ،
بانگی دەکا ،
رایدەکێشێ ،
نیگای چاوی سەربەستی ·

٥

کاروانی بیر ،
دەڕوا بەرەو مەبەستی ،
ئادەمیزاد ،
هەردەکاتە سەربەستی

---

١ ، ٢ ــ بە شێوەی هەولێر دەخوێندرێتەوە ·

خۆشی خوێن

(1)

یادی پێشەوای شەهید

(قازی محمد)

مەهاباد ٠ مەهاباد ، ئەی لانەی شێرانم
یادی تۆ ئاگرێك تاودەدا بۆ گیانم

تا دوێنێ مەهاباد بە ملیۆن قەومی کورد
بەرەو تۆ دەوەستان سەجدەیان بۆت دەبرد

قیبلەگای هیوا بووی ، سەنگەری ئازادی
شەفەق بووی بۆ شەوی تاریکی بێدادی

پرشنگی ئومێدی گەلێکی ژێر دەست بووی
چریکەی تەکانی گیانێکی سەربەست بووی

گیانی کورد ٠ میراتی زەردەشتو میدیا
کە دەژی تا هەتا لە دەشتو لـــــە چیا

مەهاباد ئەی شاری بچکۆڵەی کوردستان
ئەی دایکی پێشەواو هەزاران سەربەستان

پێشەوای چاکترین نموونەی دڵپاکی
پێشـــەوای بڵێســـەی پیـــرۆزی ڕۆنـــاکی

پێشەوای قارەمان ، پێشەوای فەرماندار
پێشەوای بۆ وڵات سەرو ماڵ فیداکار

ئەو تەمەن لە چل ساڵ تێپەڕ بووی نازدارە
نەترساو لە مردن ، لەپەتی سێدارە

مەهاباد ، ئەی دایکی ئەو چاکە ، ئەو پیرە
یادی تۆو کوڕی تۆ لە دڵمان جێگیرە

ڕۆژی خۆی لە لووتکەی بڵندی کوردستان
پەیکەرەك دەچەسپێ ، بەیادی هەمـــووتان

پەیکەری سەرکەوتن ، ڕابەری پێشکەوتن
نشانەی خەبات و نیشتمان پەرستن

تاهەتاش بۆ نەوەی ئێمە ئەو پەیکەرە
ئەستێرەی ئومێدو هێزدەرو ڕابەرە

٥

---

١ ــ لــە پەنجاکانــدا بــڵاو کراوەتەوە .

(بەردێـك و جامـی سەرێـك)

کەمێك مێـوژ ، نان ، دوو نوور دوو
کـانیــــەکو پیـــرە دار بـەڕوو

بەردێـك ، تفـەنگێکی پێنـج خـۆر
سـندۆقێـك گوللـەی سـەر بەمـۆر

کـوردێك ، با هـەر زۆر بـێ دوژمن
ڕێگـایـان نـادا تێپـەڕ بـن

ـ ئـەی مێگـەلی گـــورگو بەراز
نەمـرم لێـــرە نـابن دەربـــاز

ـ هـۆ کـوردەکەی پەسـتەك لەبەر
نەیدەیـە دەسـت دوژمن ، سەنگەر

ڕێگەیان نەدەی تێپەڕ بن
با دیل نەکرێن منداڵو ژن

ڕۆژەك، دووان حەفتەی بردە سەر
نەیدایە دەست دوژمن ، سەنگەر

بۆ مبایێك ، دەك کوێربی بۆمبا
گۆشتو دارو بەردی لێکدا

ئێستاش ئەو چوار گەزە خاکە
لای کوردان پیرۆزو پاکە

بەردێكو جامێکی سەرە
وەك مەزارگای پێغەمبەرە (١)

o

---

١ ـ لە پەنجاکاندا ، کاك عزالدین مصطفی « ئێستا دکتۆر » ، کردی بە عەرەبی و لە گۆڤاری « الثقافه الوطنیه »ی « بیروت»دا بڵاوی کردەوە .

بـه یـادی میـری سـۆران

« له شاری ـ رواندز ، هێشتا دوو شـوێنەواری (محمد پاشـا) بەر چاون · لـە سەر لووتکەیێکی بەرزدا ، بەرامبـەربەچیای ـ زۆزك ـ قەلاتی پاشـایەو ، لـەو بەری خەرەندی خـۆر هەلاتـی شارەکەش ، ـ قۆنگرە ـ ی (شەمام)ە · سـەرەنجامی ئـەم میرە گەورەیەش ، لەسەر چاوەکانی مێژووی نەتەوەکەماندا ئاشـکرایە زار بە زاریش گەڕاوەتەوە ، کە (وەسـتا رەجەب) ، لـە دوای میر ، خۆی بە خەرەندێ دا هەلدێریوە·دوو تۆپ لە دەستکردەکانی ئەم وەستایە بلیمەتە ماونەتەوە · یەکێکیان لەبەر دەمی سـەرای روانـدز ، دانرا بـوو · ئەویتریان · لـە مۆزەخانەی چاکـی کۆن ـه ، لە پەغدا · ئەمەی دووایی‌یان ، کەم و زۆر وەك لـە کۆتایی ئەم هەلبەستەدا گوتوومانە ، وەهای لەسەر نووسـراوە »

دیانە : سالی ١٩٦٨

ئەی قەلاکەی سـەر لووتکەی بـەرز ، وێرانی ـ
سۆران ، پـێ شـێلی ژەندرمـەی تـورکانی

کەی سۆران دوای میری گەورە سۆرانە ؟
کوا رواندز جیی نازی کوردستانە ؟ !

دەك لاڵ بم بۆ ئەو زەمان و ئەو دەورە
کە پەنجا هەزار سوارەی میری گەورە

پاسەوانی چوار گۆشەی کوردستان بوون
چاوشکێنی ئەستەمبوڵو تاران بوون

مەخابن بۆ ئەم مالارە ، ئەم میرە
لە زیندانی سولتان پێ بە زنجیرە

لە تەرابزوون شەهیدیان کرد ، ئەی هاوار
ئەی فرمێسك ، برژێ بەتاو وەك روبار

ئیتر چۆن گەلی رێی مەرگی دوژمن بێ !
چۆن رواندز مایەی سەر بەرزی من بێ !

سولتان ، تاجو تەختی تۆش ژێراو ژوور بێ
بە خوێنی خۆت ریشت لە خوێندا سوور بێ

کەی ئەمە رێگای ئایینو ویژدانە ، !
چۆن میوان کوشتن ، فەرمانی قورئانە ؟ !

(وەستا) ، دەزگای چەکسازی تێکشکێنە
بەخەرەندا دووای میر خۆت هەلدێرێنە

ئەکەی بۆ دوژمن لوولەی تۆپ دارێژی
چونکە خوێنی کوردانی پێ دەرێژی

ئەو تۆپەش کەوا تالانی سولتانە
رۆژێك دەبێ دانرێ لە مۆزەخانە

هەرکێ دیتی ، بخوێنێتەوە : ـ دەستکردی ـ
وەستا رەجەب ـ دایرشت بۆ میری کوردی ．

شریقەی ، وەك گرمەی هەوری بەهارە
دوژمنی میر لە گیانی خۆی بێزارە ． ،

ئەی قەلاتی پاشا ، گەرچی وێرانی
لای من هێشتا جێی نازی کوردستانی

٥

بۆ کۆریا

(بە بۆنەی شەڕی کۆریا نووسراوە)
ساڵی ١٩٥١

سەیری ئەو گەنم رەنگەی ئاگراوی
چۆن سەرکەوتن لافاوی دەکا لە چاوی !

چەند بەبێ باکی مل دەنێ لە مردن !
لای وەك ئاهەنگی بووکە هێرش بردن

ئەو پیاوە پێش چەند رۆژێك زۆر هێمن بوو
خەریکی ئیش و کارو رێکخستن بوو

تازە زەویی کەوتبوە دەست ، دەیکێلا
دڵنیا بوو جێی ناهێڵێ لەمەولا

خانووی تازە ؛ بناغەی باش دامەزراند
بە کامی دڵ باخی بەر ماڵی داچاند

کوڕو کچی بۆ مەکتەبێ لادی نارد
دەردە سەری کۆنی بەخاکا سپارد

یەکەم جار بوو ئۆخەی دەکرد لە ژینا
جووت بوو لەگەڵ ئاوات و خەو بینینا

بەلام ئایا دەروون پیسی و بەدکاری
یان ئارەزووی خوێن رشتن و زۆرداری

ماوەی دەدەن ژینی تاسەر ئۆخەی بێ !
تێر لە خەوی دووای ماندوو بوون پرخەی بێ !؟

نەخێر دوژمن ئەو خەوەی نیوە چڵ کرد
لە پێش چاویا کۆرپەی هیوای پەڵپەڵ کرد

لە رۆژێکدا ، لە تیرینەی بەهارا
ئای چۆن خەوی حەسانەوەی لێ تارا

لە ئاسمانی دێوە قەلێکی ئاسن
وەکو تەزرە باراندی هێلکەی مردن
(١)
قەلێك ، دووان ، رەوبوو زیاتر لە هەزار
دەفرین بەرەو ژووروی وولات ، بەرەو شار

هەر شوێنێکی بەسەریا تێدەپەڕین
دەیانکردە دۆزەخێکی ئاگرین

پاشان بەسەر دێدا کشا لافاوی
دوژمنێکی دەست و پەنجە خوێناوی

رۆلـەی ئـازاش دەسـتی دایـە تفـەنگـی
پێی داچـەقاند هـەر وەکـو شێری جـەنگی

بانگی کـردە خـەڵکی گونـدی ،، دەی کـارێ
دەردێـك نیـە ، نـەیبێ چـارەو تیمارێ

با ئـەم لافـاوە بـەر بگریـن بـانەکشێ
با پتر ئـەم وولاتـە دا نـەپۆشـێ

خەڵکـی گوندیشـ ، هەریێکە بـوو بە شێری
ئەو شـێرەی پـڕ بـە چـاوی گـڕ دەنێـرێ

بەدارو بـەرد ، پارچەی ئـاسن ، تیخیکـول
هێرشـیان بـرد بـەلام هـەر یێـك پـۆلا دڵ

شەڕ گـەرم بـوو . رژا گۆمی خۆێنی گەشـ
لاشـە کەوتن بـە سـەریێکدا پێنچ و شـەشـ

دەوامـی کـرد ئـەو شـەڕە تـاهێواره
چە حەشری کـرد ئەو دەسـت بەجـانبێزاره

داخی گـران ، کـە نزیك بـوو سەرکـەوتن
لە سـەد لاوە پێکـای دەسـتڕێـژی دوژمـن

کەوتە سەر خاك ، گوتی :، سەد ئاخ و هاوار
بە چاوی خـۆم نـەمدی شـکانی زۆردار .،

دلنیابە ئــەی جــەنگــاوەری ئـــازا
نیشتمانــت تــا هەتــا ســەرفـرازە

هەر میللەتێك کوڕی وەك تــۆی بــۆ بمرێ
ژێر ناکــەوێ و دەســت و پەلــی نابەســرێ

٥

١ ـ مەبەست شاری (پیۆنگ یانگ) ٠ ٠

سەنگەری ئازادی

سالی ٩٥٣

سەنگەری ئازادی‌یە کێوانی کوردستانەکەم !
یان وەکو پەرژینە بۆ پاراستنی بوستانەکەم ؟ !

لێم دەپرسن بۆچی بێ دەنگ نابی وەك ئەو عالەمە
یا لەبەرچی پێڕەوی ئایینی سەر بەستان دەکەم ؟ !

من کە رۆڵەی میللەتی کوردی هەزارو ژێر دەسم
بێگومان هەر حەز بەئازاد بوونی ژێردەستان دەکەم

من کە پەروەردەی هەواو خاکی وولاتی میدیام
کوردم‌و هەر مەیلی بەفرو شۆڕشی زستان دەکەم

شۆڕشی زستان نەبێ فەسلی بەهارمان چۆن دەبێ !
خوێنی کورد تا ئاونەدا گشت خاکی کوردستانەکەم

پێم بڵێن چۆن دێتە بەر باخی ئومێدی قەومی کورد !
دەست لەمل یێك چۆن‌دەکەن گەرمیانەکەو کوێستانەکەم

نامەیێك لە بەندیخانەوە

بەندیخانەی کەرکووك ـ سالی ١٩٥١

هاورێیم
هاورێیم
گوێ بگرە لێم
چیت پێ دەڵێم
بیلێ بە هاورێکانیتر
سووتێنەرانی وەك ئاگر

تێکۆشەران
کۆڵ نەدەران
کڕنووش بۆ زۆردار نەبەران

ئەوانەی هەرگیز نابەزن
پەنجەی‌نەمزانی ناکەزن

ناگۆڕێن لانادەن لە ڕێ
دەڕۆن بەرەو پێش پێ بە پێ

٥

هاورێیم
هاورێیم

گوێ بگــره لێـــم

تێکۆشام ، گیرام ، دەست بەســرام
کــۆت‌و زنجیر لە پــێ کــرام

بردمیان بــۆ ژوورێکــی تەنگ
لـەسەریان داخســتم خەپەنگ

لــە نێــو جەرگەی تاریکیــا
هیــوام دەدیت‌و سەوزە گیا ..

بــە هارو کــوڵیکەی نیســـان :
ژیانــی داهاتــووی ئینســـان

٥

بـۆ مامـۆسـتا گـۆران

«لـە دوای بڵاوکردنەوەی تۆپەرێتی (ئەنجـامی ئەژدهاك) ی شاعری گەورە نوسـراوە » .

ئـەی کانــی شیــعرو هەڵبەستە
وەی باخــی گــوڵی سـەردەستە

دانـەری هـۆنـراوەی تـازە
بلبلــی هـــەزار ئـــاوازە

ئەی هەستی ناسك ، بیری روون
وەی دڵ هێندەی پیرە مەگروون

ئەی دەریای گەوهەر هەڵڕێـژم
مامـۆسـتای بـەرزو بەڕێـزم

(گۆران) ی گـۆرانی یخۆشم
توخـوا بـــۆ دلـی پەرۆشـــم

ســەرەنجــامـــی ئەژدەهــاکــە
تەواوکــە بــەم شــــعرە چاکــە

هەر داســـــتانێکی پەنهــانــە
لـــە مێژووی ئـــەم کوردســـتانە

وەك خـــۆر بەرزو ئاشکرای کــە
پێشکەش بــە خەلکی دنیای کــە

نیشاندە ئێمـــەش وەك ئـــەوان
هەمـــانە گەلێك وشـــەی جــوان

٥

فرمێسك و شیوەن

فرمێسك

دوڕە یاخود گەوهەری نایابە !
یان تکەی هەلمی دڵی پڕتابە !

شەونمی سەر نێرگزی چاوانە
فێنکە ، گەرچی وەکو تیزابە

یێك دڵۆپەی بەسە بۆ غەم شۆرین
کە هەزار دەریای سپی لاینابا

لە وەتی ئینسان هەیە ؛ فرمێسك
بۆ هەموو چاوو دڵێك ئەربابە

ئەی دڵۆپەی فێنکی ئارامدەر
دەی وەرە سووتا دڵم ، خێرابە

١

شیوەنی : مجید جوکل دزەیی جوانەمەرگ

(٩٢٥ ـ ٩٦٨)

«کاکی جوانە مەرگم ئاموزاییکی زۆر خۆشەویستم بوو • لە سالی (١٩٥٢)دا لە بەغدا ،خوێندنی حقووقی تەواو کردبوو لـە سالی ١٩٦٨ ، بـە نەخۆشـی دڵ ، کتوپڕ بەجێی هێشتین و هێشتا هاوسـەرەکەی ، کراسـی بـووکینی کـۆن نەکردبـوو • خەڵکێکی زۆر ، لە هەولێرو دەورو بەری فرمێسکی پڕلە سۆزیان بۆ هەڵڕشت • »

چـەند دەگرییم بـێ فرمێسکـە گریانـم
نووکـی ئـازار گەیشـتە ریشـە گیانـم

داخی جەرگم تێجگار بـە سـفت و سـۆیە
لە خـانەی دڵ ، قـوڕ پیـوانو رۆ رۆیـە

جۆشی گریان ، لـە گەروومـدا وەسـتاوە
سەر چـاوەی چـاو دلۆپەی تـێ نەماوە

بۆیـی ، دڵم لـە سەر خۆیە سـووتانـی
بۆیی چاوم بـێ فرمێسکـە گـریانـی

ئەی دڵ بەسە ، با کلپە کا سووتانت
سەرچاوەی چاو با هەڵقوڵێ گریانت

شینی لاوان ، دەبێ زۆر گەرم و کوڕ بێ
ئاوی چاوان ، وەك چاوی ئاوان خوڕ بێ

بۆ کاکی خۆم ئیمرۆ شیوەن دەگێڕم
بەهارێکەو بەژێر خاکی دەسپێرم :

باتازە بووك ، ئالآی سووری دابدڕی
با بەرگی رەش ، لاڵ بم بە بالآی بگری

با رەنگی روو زەردتر لە زەعفەران بێ
با گۆمی چاو پڕ یاقووتی گران بێ .

(کاکە مجید) دەك بشکێ پەنجەو دەستم
چۆن دەتوانم ، شیوەنی تۆ هەڵبەستم

چۆن دەتوانم ، ئەی هاوار ، چۆن بتوانم
ئەی خوای گەورە کەمێك ئارام بۆکیانم

٥

مادام گشتمان ، گیان لەبەرو ئینسانین
بە ناچاری ، لەم ژیانە میوانین

ئیمڕۆش نەبێ ، بەیانی جێی دەهێڵین
هەموو وەك یێك بناغەی بەردی کێلین

ئەوەی بـۆ پیاو لـەم جهانـە بـەکەڵکـە
هەر ئـەمەیە ئـەم هەموو دۆستو خەڵکە

دوای مـردنـی بڵێن یـادی بـەخێربـێ
گیانی پـاکی لـە ئـاوی کەوسەر تێربێ

کاکـی منیش ، نموونـەی دڵپاکـی بـوو
پیاوەتی بـوو ، هێمنی بـوو چاکی بـوو

بۆ کوردسـتان ، دلسۆزێکی بی‌خەش بـوو
بڕوای بەکورد ، وەکو ئەستێرە گەش بوو

جوامێرەك بـوو لـێ‌وەشاوەی جـوامێری
چاو تێرەك بـوو سەر بلندی چـاو تێری

وەك گـوڵ لـە هەرکۆمەڵێکدا دیار بـوو
ژیان تـازە لای ئـەو وەرزی بەهار بـوو

چەند بـێ‌بەزە ، دەسـتی مەرگـی نابینا
گوڵـی ژینی وەرانـد بـۆ ژێـر زەمینا

گەرچی گەلێك ئـاخیان بـۆ هەلکێشـاوە
گەرچی گەلێك داخی بەجەرگان نـاوە .

بەڵام مـن لـە بیری نـاکـەم تـامـاوم
ڕەنگـ و شێوەی وون نابێ لەپێش چـاوم

٥

شیـوه‌نی : حسن تـۆفیق ٭

« خـوا لێخۆشبوو ، لاوێکی کـوردی خه‌ڵکی سلێمانی بـووو ، ئاواره‌ی (ســووریا) ببوو · لــه قوتابخانه‌ی ئاماده‌یی شــاری (درعا) ، ده‌رسی کیمیای ده‌گوته‌وه · له‌پشووی نیوه‌ی ساڵدا ، هاتبوه (دیمه‌شق) بۆ ئه‌وه‌ی بچێته قاهره ، که چی ، لــه نیوه‌ی شه‌و داو ، لــه‌و ئوتیله‌ی که‌لێ‌ی دابه‌زیبوو ، جوانه‌مه‌رگ ببوو · ئه‌م رووداوه ، کارێکی زۆری تێ کردین‌و بۆ ماوه‌یێکی درێژ بوو به هــۆی په‌ژاره‌یمان » ·

دیمه‌شــق ـ ساڵی ۱۹۵۸

لــه پــڕ هه‌ڵوه‌ری خــونچــه‌ی ژیـانی
دوور لــه شاره‌کــه‌ی خۆشــی بابــانــی

دوور له باوه‌شــی دایکــی چاوه‌نـواڕ
که خــۆی قوربـانی ده‌کــرد هه‌زار جــار

بــه ئاواره‌یی کــۆچــی دوایــی کــرد
هیــواو ئاواتــی بــۆ ژێــر زه‌مین بــرد

کاك حەسەن ئێمەی دۆستو برادەر
بڕوامان نەکرد بڕواش ناکەین هەر

چۆن ! چۆن بڕواکەین ! چۆن بڕواکا دڵ؟
دوێنی هەر دوێنێ جوانتر بووی لە گول

هەر دوێنێ شەو بوو قاقای پێکەنین
دەزرنگایەوە وەك بەستەی شیرین

هەر دوێشەو دڵت پڕ بوو لە ئاوات
چین چین خەیاڵت، بە بیردا دەهات !

دەتگوت دەچم بۆ قاهیرەو کەرنەك
ئەهرام ئەبو الهۆل ، دەبێنم یەك یەك ،

لە سەر رووی نیلا شەوی مانگ تەواو
کلێوپاترەی جوان دەبینم بەچاو

هاوین ئاورووپاو هەوارگەی خۆش خۆش
لیان ، وەك دلبەر دەگرمە نێو کۆش

حەسەن ، ئەی برای کوردی دوور وڵات
مردن رێی نەدای بگەی بە ئاوات .

ئەشکا تێنووتیی دنیا گەڕانت
نابینیتەوە شارەکەی جوانت

نارۆی بۆ میسر ، قاهیرەو کەرنەك
ئەهرام ، ئەبولهۆل نابینی یەك یەك

وا بەرێت دەکەین بۆ گردی سەیران
بۆ ژێر سێبەری داری ئەرخەوان

بۆ کۆشی دایکی جگەر بڕاوت
کەویردی رۆژو شەوی بوو ناوت

تا تێر تێر ماچ کا ، چاوت ، رووەمەتت
وەك شێت هەڵمژی تۆزی هوربەتت

تا بگری بە کوڵ ، بیکا بە هاوار
بێنێتە لەرزە ، دارو بەردی شار

ئەی برادەران ، خزمی شار ، چین چین
برژێنە ماڵی میوانی شیرین

دارە بازەکەی بخەنە سەر شان
یەکجاری بیبەن بۆ گردی سەیران

وەك ئێوەش ، لە شام ، بۆ حەسەن بەخورپ
دەڕژی فرمێسکی چاوی گەرم و گوڕ

٥

شیوەنی مەلا حوسێن

« مەلا حوسێن ، پیاوێکی قسە خۆش‌و نوکتەزان بوو و مەحرەمی ماڵمان بوو • بێ ئەوەی پێویستی پێوە هەبێ ناز ناوی(فەهمی)ی بۆ خۆی دانا بوو • مامۆستا (موخلیس) • لە نامەیێکی دا ، بەم دوو بەیتە شیعرە ، ئاگاداری مردنیی کردم • منیش بەم هەڵبەستە وەڵامم دایەوە • »

دیمەشق ــ ساڵی ۱۹۵۷

لە (موخلیس) ەوە :

هەمدەمی رۆژو شەوت کێ بوو لە بۆ دەفعی کەدەر
دوو سەرەی چۆل کرد لە دنیادا نەما رۆیشتەدەر

وەك بەخێر هاتیتەوە ، ساتێ بڕۆ سەر قەبرەکەی
یێك دوو بەیتی بۆ بخوێنە بەڵکو سەر بێنیتە دەر

وەڵام :

مامی خۆم ئوستادی گـەورەو خۆشەویستی پـڕ هـونەر
ڕۆژی جەژنە نامەکـەی ڕەنگینی تـۆی پێـدام تەتـەر

نامەکەت بـۆنـی گـولستانی ووڵاتـی لـێ دەهـات
شیعرەکانت هـەر یەکـە نرخـی دوڕێکە سـەر بەسـەر

شیعرەکانت هەر وەکو هەورە تریشـقەی نـەو بەهـار
جۆگەلەی خوێنیـان لەسـەر چـاوەی دڵـم هێنایـە دەر

پێم دەڵێن ئاوار لـە خـۆت بگری لـە کونجی غوربەتـا
(هەمدەمی ڕۆژو شـەوت)ڕێگای بهەشتی گرتـە بـەر

ئەی عەزیزی دڵ (حوسێن فەهمی) دەبێ بـڕوا بکەم ،
بێ دوعا خواستن لە کاکی خۆت دەکەی مەیلی سەفەر ؟!

تـۆ کـە پەیمـانی وەفاداریت لـە گـەڵ من بەسـتبوو
چۆن دەبوو ئەوها بـە جێم هێڵی بەبێ پرسو خەبەر ؟ !

(دووسەرە) بێ‌ی تۆ لەلام وێرانە گـەر بڕوا دەکـەی
زەحمەتە ئیتـر هەتـا سـاتێکی تێـدا بەرمـە سـەر

بـۆ نیشـانەی باوەفـاییمە لـە شـامی دوور ووڵات
بۆت دەکەم شیوەن بە شعری جوانی وەك دانەی گوهـەر

٥

شانۆگەری

سـوارو کچـه میر (١)

« شانۆگەریێکی هۆنراوەیە لە دوو پەردانداDisabled »

شارە زوور ـ ١٩٦٤ ٠

پـەردەی یێکـەم

بـەردەم : پتر لە پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر ٠
کـات : دەمـی خـۆر ئاوابـوون ٠
دیمـەن : تەلاریکی دوو نهۆم لـە نێـو باخێکـداو لـە بنـاری شاخێکدا لای پێشەوەی دیوەخانو لای پشتەوەی ناومالە ٠
کچـە میـر : شۆخێکی بیست ساڵی‌یەو لـە سـەر بـانی بورجی تەلارەکەدا ، بە پەرۆشەوە بە هەموو لایێکدا چاو دەگێرێتو هەسـت رادەگـرێ ٠
سـوار ئەسپێکی کەوێت : لـە سـەر خـۆوە ، بەرەو کزشـلتو تەلارەکە ، بەریگاوە دێتو نیشانەی ماندوویەتی لە خـۆیو لـە ئەسپەکەیەوە دیارە ٠

سوار :

(کچە میر لە سەربانەوە دەبینێ دەیناخێوێ)

ئەی جوانی سەربانی ئەم کۆشك‌و تەلارە
جێ هەیە بۆ یێك شەو میوان بێ ئەم سوارە ؟

ڕێبواری ڕێی دوورم ئەسپەکەم پای چەپی
زامدارەو کەوتوە نالی هەر چوار لەپی

بە زەحمەت بتوانی بەم هێوارە وەختە
سەر کەوی لەم شاخەی هێندە بەرزو سەختە

(دەستی بۆ لای شاخەکە هەڵدەبڕێ)

کچە میر :

ڕێبواری ڕێگای دوور ئەم شوێن‌و هەوارە
سەد پشتە قۆناغی میوان‌و ڕێبوارە

بەڵام ئاخ چەند ڕۆژە لەم کۆشکی حەوت ڕەنگە
هەر ژن هەن بۆیێ وا بێ چرپەو بێ دەنگە

من خوشکی تاقانەو کابانی حەوت کاکم
چاوەڕێی هاتنەوەی حەوت شێری بێ باکم

دەمێکە ڕۆیشتوون بێ سەرو سۆراخی
نە نووسکەی تاژی دێ نەپرمەی وولاخی

سوار :

ئەی خوشکی چاوەڕێی حەوت برای شیروە شێن
بێگومان ئێستاکە بەرەو ماڵ بە غاردێن

گەر زۆریش دڵتەنگ‌و پەرۆشی سۆراخی
بڵێ تا ئەم سوارە تاوبدا وولاخی

بگەڕێ بەدووایان جێ بەجێ شوێن بەشوێن
بانگیان کا خوشکتان هەناوی بوو بە خوێن

کچە میر :

(بۆ نیشاندانی تەریق بوونەوە دەستی راستی دەخاتە سەر لا رووومەتی) .

هەی بۆ خۆم شەرمەزار ئەی ڕێبواری ماندوو
ببوورە لە منی غەمخۆری یێك ئۆر دوو

دەی فەرموو دابەزە لە حەوشەی دیوەخان
ئەسپەکەت بەردە سەر ئاخوڕی پێش دالان

هەر ئێستاش کارەکەر بۆت دێنێ نان‌و شیو
لە قاپی زێریندا لەسەر سینی‌ی زیو

(سوارەکە دادەبەزیت و ئەسپەکەی لەسەر ئاخوڕی پێش ماڵانی
دیوەخانە دەبەستێتەوە . دەچێتە حەوشەی دیوەخان و هەر یەك
دەبێ بە پێپلیکانەدا بۆ هەیوانی دیوەخانە سەر دەکەوێ .
لەو کاتەدا کارەکەرێك دێتە بەر هەیوانەکە)·

کارەکەر :
[کچیکی جوانکیلانە]

ڕێبواری بەشێوە ئاغـای و بێ نۆکـەر
خاتوونـم دەفەرموێ بەخێر بێی بەسـەر سەر ـ

بیووری کەس نەبوو لەم گەورە دیوانـە
وەربگـری جلـەوی ئەسپی ئـەم میوانـە

دوێنێکە قاوەچـی‌ی ڕەوان کـرد بـۆ پسیار
بـۆی بکا سـۆراخی حـەوت بـراو خـزمەتکـار

سا فەرمـوو سـەرکەوە تەشـریف بـەر هەیوان
دامنـاوە مـەسینەو دەسـتشۆرو سێنی‌و نـان

سـوار :
[هەڵوەستە دەکا]

ئەی جوانـی جـێی ڕازی ئـەو پـەری ڕوخسـارە
پـێی بـڵێ مـاڵ کەچـی فەرمانە ئـەم سـوارە

(دەست دەخاتە سەرسینگی)

بەێ بلێی بۆیێکە بە تەنیا رێبوارم
لە رێگا ــ بۆی لاڵ بم ــ کوژرا خزمەتکارم

ئەگەرچی لە تۆڵەی چەند سوارم داماڵی
بەڵام هەر بێ باوك مانەوە منداڵی

هەر ئەمشەو میوانم گەر هەر حەوت میرزادە
بێنەوەو شاد بکەن ئەم خوشکە ناشادە

گەر نەشبوو سۆراخیان، هەتاکو بەیانی
پەیمان بێ و پیاوی پیاو یەکجارە پەیمانی

خۆم دەڕۆم بە شوێنیان دەگەڕێم شارو دێ
چوار گۆشەی کوردستان شوێن بە شوێن جێ بەجێ

قاوەچی : [پیاوێکی حەفتا ساڵی]

[بەهاوار و شیوەن
دەگاتە بەردالانی
دیوەخانە]•

هەی رۆ رۆ هەی ڕۆڕۆ ئەی هاوار ئەی هاوار
هەی رۆ حەوت میرزادە وەی ڕۆ حەوت خزمەتکار

خاتوونم میر کچم قاوەچی دەك لاَل بێ
بۆچ دەبێ فنجانی هەر رەش بێو هەر تاڵ بێ

دەك بمرم لە شکری بێگانەی ئەو خوارە
بۆ تالاَن رووی کردە ئەم دەشت و بنارە

پێنج رۆژان گەرم بوو مەیدانی رمبازی
جریدو مەتاڵو شیرو تیر ئەندازی

هەر حەوتیان ، هەر چواردە شێرانە لە مەیدان
سەد سواریان لە دوژمن لە ئەسپان فڕێدان ٠

بەلاَم ئاخ ، چی بڵێم ؟ چۆن بیلێم ! ناتوانم
دەك بمرم وەی کوێر بێ بینایی چاوانم

کچە میر :

(لە سەرپانەوە ،
بە لە خۆدانەوە)٠

ئەی هاوار٠ کواحەوت میر؟ کوادەستەی خزمەتکار!
کوا ئەسپ و کوا ڕەختی زێڕینی چواردە سوار ؟

دێتە گوێم ٠ هۆ هۆی سوار رمبەی غار لۆلۆی میر
پرمەی ئەسپ غرمەیڕەخت چرکەیشیر ورشەیتیر

بێکەس خۆم ، وێرانە ئەم گەورە هەوارە
خۆت بکوژە ئەی خوشکی تاقانەو بێچارە ٠

سوار :
(رادەکاتە بەردالآنی دیوەخانو
روو بەرووی قاوەچی
دەبێ،تێی دەخوڕی)٠

چ رووێدا ! لەبەرچی ئەم بانگ و هاوارە ؟
ئەی کابرا نیشانەی مردنت لێ دیارە !
لام وایە هاواری میر کچ هات لەسەر بان ! !

قاوەچی ٤

(بە هەنسکی گریانەوە)٠

ئەتو کێی ؟ بەم وەختە چی دەکەی لە لامان ؟

وێران و خاپوورە ئەم لانەی بێ شێرە
لە شکری بێگانە لە ڕێیە بۆ ئێرە ٠

بە دیل چوو بۆی بمرم خاتوونی میرزادە
لەم بەندە مەرگی رەش گەر بیکا ئازادە

سوار :

(بە توندی)

تێت ناگەم خێراکە بلێ چی قەوماوە!
وەگەرنا بەم شیرە زمانت بڕاوە!؟

[دەست دەخاتە سەر شیرەکەی]

قاوەچی :
(بەگریانەوە)

قوربانی دەستت بم دەی ببڕە زمانم
هەلکۆلە بەخەنجەر گلێنەی چاوانم
تا نەیلێم تا هەتاش نەیێتە پێش چاوم
ئەنجامی چواردە سوار حەوت میرو حەوت پیاوم

سوار :

[بە هەر دوو دەستان لە ڕانی خۆی دەدا.]

مەخابن. پەك بۆ ئەم هەواڵە ناخۆشە

کارەکەر :

«بە لە خۆ دانەوە، لە بەر هەیوانەکە بە دیار دەکەوێتەوە.»

ئەی هاوار ، خاتوونم کەوتووەو بێهۆشە

سوار :

(بە کارەکەر)

کەواتا وەك پەرژین لێی بگرن دەروبەر
باوەك شێت سینگی خۆی نەداتە بەر خەنجەر

(کارەکەر رادەکاتە ژوورەوە)

ئەمجا (بە قاوەچی)

تۆش برۆ لە سەر بان تەماشای رێگاکە
بێگومان لەم شوێنە نزیکن ئێستاکە

کە نیزان راسپێرە کلیل دەن دەرگاکان .

(قاوەچی بەگورجی بۆ سەربان سەر دەکەوێ)

سوار لە بەر خۆیەوە بەردەوام دەبێ)

پەیمان بێ هەتا من نەکوژرێم لە مەیدان ،

نەهێڵم دوژمن پێی دانێتە ئەم باخە
بە خوێنم لە دەرگای دەنووسم : یا ساخە

(هەلوەستەیێك دەكاو ئەمجا)

باخەبەرا ئەسپەكەم بهێنمە قەلاتی
ئەوەكا تالانكەر زوو دەستی بیگاتی

(بە گورجی بە شوێن ئەسپەكەیدا دەچێو بۆ ماوەیێكی زۆر كەم شانۆ چۆل دەبێ) .

قاوەچی :

[لە سەربانەوە بەدەنگێكی بەرز]

وا هاتن ، گەیشتن نزیكەی چل سوارن
وا دیارە بە تەمای تالانی نازدارن

سوار :

(لە هەمان كاتدا دەگەرێتەوە سەر شانۆ)

بانگیان كە بەیانی ئامادەی مەیدانم
ئەمشۆكە تیژ دەكەم شیرەكەی دەبانم

قاوەچی :

(لە دوژمن دەخۆرێ)

راوەستن هەر کامتان بێتە پێش ئەم تیرە
تا شاپەڕ لە جەرگ‌و هەناوی جێ گیرە

یەکێک لە سوارەکانی دوژمن :

ئەی قەلی سەربانی ئەم خانەی وێرانە
بکەوە دەرگاکان ناتکوژین پەیمانە

قاوەچی :

(بە تەوسەوە)

نامکوژن ! بەم خوایە دەمێکە کوژراوم
هاتوون بۆ تالانی میراتی حەوت لاوم ؟ !

وا دیارە نازانن ئەم کۆشک‌و هەوارە
ئێستاکە مەلبەندی شێرێکی دژ وارە

دەیبینن لە مەیدان سبەینێ بەیانی
خەریکە ساو دەدا شیرەکەی دەبانی

[سوارەکانی دوژمن لێیان دەبێ بە هەراو دەنگە دەنگ . لە مەیدانی پێش دیوەخانە دادەبەزن . لە سەرخۆ ، پەردە دادەرێتەوە لە گەڵ ئاوازەی مۆزیقای لاوکێك لە بارەی سوار چاکی] .

پــــەردەی دووەم

کـات : دەمی خـۆر هەڵاتـن

شـۆین : مەیدانی پێش دیوەخانە

دیمــەن : تەنیا سوار لە لایێکی مەیدان‌و سوارەکانی دوژمن لــە لایەکەی دی وەســتاون ·

ســــــوار :

(هاوار دەکاتە سوارەکانی دوژمن)

کامتــانە گــەردەنــی پــەرۆشـــە بــۆ شــیرم
وەك راوکـــەر دەمێکـــە چـــاوەڕێ نێچیـــرم ؟

ســـوارێکی دوژمن :

(لەریــز دێتــە دەرەوە)

ئەی کابرای تەنیـا سـوار ئـەم مـاڵ‌و سـامـانە
تاڵانــی ئێمــەیــەو حــەڵاڵـی خـۆمـانــە

سەد ســوارم پێنــج رۆژە لــە مەیدان کـوژ راون
لــەو ســەدە ، نـۆیانیـان وەك کلێنـەی چـــاون

کورِم بوون بـۆ بڕەی پشتم بـوون ، هێـزی دڵ
هـەرێکە لـە مەیدان بەرامبـەر بـوو بەچـڵ

بـۆ تۆڵـە سوێندم خوارد خوشکی حـەوت میرزادە
کـەسـەرو سـامـانیان بـەجارێك بـەربـادە

بۆ خۆم بـێ ، هاتووم تـا ئەو دیلە پەلکێش کـەم
بەیێك شـەو تیماری سـەد زامـی پـڕ ئێش کـەم

چیـت دەوێ ؟ وا دیـــارە لـــە گیانـت بێزاری !
یـان شتێك دەخـوازی و خزمێکـی هـەژاری ؟ !

سـوار :

نەخـزمـم ، نـەهەژار ، نـــە لـەگیان بێـزارم
بـە رێکـەوت لـــەم شـــوێنە میوانـم ، رێبوارم

بـەڵام مـن لـەگەڵیان هـاوخـاك و هـاوخوێنـم
کـوردێکم فـەرمانی پیاوەتـی جـــێ دێنـم ،

وا دیـارە هـەر تۆشـی ئـەو کەسـەی بەشوێنیا
دە رۆژە دەگەڕێـــم وەکـــو شـــێت بـەتـەنیا

چەند سـوارێـك لـە ئێوە دوو حـەفتە لەمەوبـەر
لەو دیوی ئـەم کێوە تووشمان بوون بوو بـە شەڕ

پیاوەکەی دڵسۆزم بەجێما لەمەیدان
سوێندم خوارد لە تۆڵەی ، سەر کردەی جەردەکان

لەت لەت کەم ، بەم شیرەی دەبان و مووکارم
ئەمڕۆکەش ئەو ڕۆژە کە بۆی چاوەنوارم

سەر کردەی دوژمن :

(بەسوارەکانی خۆی)

تەمام بوو ئەمشۆکە لەم باخە زاوابم
بەیانی بۆ ئەولای ئەم شاخە ئاوابم

«بەدەست شوێنەکان نیشان دەکا»
بگەڕێم بەشوێنی ئەو کەسەی هات بەخۆی

هەر ئێستا رم لە سینگ ، شیردەدرێ لە ئەستۆی ·
(ئەمجا بۆیەکێك لە سوارەکانی)
دەی خێرا بەییێك رم بەم سەگە هەڵواسە

(سوارێکیان تاو دەداتەمەیدان)

سوار :

(بەرەنگاری سوارەکەی دوژمن دەبێ)

هەی بەراز غـەنیمی گیـانی خـۆت بنـاسـه ٠

(بەمچەشنەلەشەڕیتەن بەتەنداچەند سوارێكلەدوژمن دەپێكێ لەو دەمەدا ، كچە میر لە سەربان بە دیار دەكەوێتەوە ەرگێكی رەشی پۆشیوەو پارچە كالآییێكی سپیی بەسەر شانیدا، اداوەو خەنجەرێكی رووتـی بەدەستەوەیە ٠ كەنیزەو كارەكەـ رەكانی دەورەیان گرتوە)٠

كچـە میر :

دەڵـۆڵـۆ دەڵـۆڵـۆ رێبـواری میوانـم
قـوربانـی یێـك دڵـۆپ خوێنت بـێ ژیانـم

بەبـێ سـوود لەسـەر مـن خـۆت مەدە بەكوشـتن
خوات لەگەڵ ، منیش قـەت ناكەومە دەست دوژمن

سـەیریكـە لـە دەسـما خـەنجـەری دەبـانـە
بـۆ زامـی چـواردە سـوار چـاكترین دەرمـانە

ســوار :

دەلـێ لـێ دەلـێلـێ ئـەی شۆخی بـێ وێنە
پـڕشنگـی روخسـارت وەك تیشكـی ئـاوێنە

ئـەی مێوەی سـەر چلـی ئـەم باخـی بهەشـتە
نـازداری كـارەكـەر وەك پـەری و فریشـتە

ئەم گەورە هەوارە چۆن دەبێ ویران بێ
چۆن بەژن و بالآی تۆ بێ‌شێلی دێوان بێ

فەرمان دە ، قاوەچی شیرین‌کا قاوەی تال
کارەکەر بەردەستەکەن کراس‌و کەوای ئال

ئەمڕۆکە ئاهەنگی تۆڵەی پازدە سوارە
سەر خێڵی بێگانە بەم شیرەم مردارە

(شیرەکەی رادەهەژێنێ)

کچە میر :

دەلۆلۆ دەلۆلۆ ئەی سواری لاو چاکم
بە یەزدان ، بە خوێنی هەشت پیاوو حەوت کاکم

(دەستی بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ)

پێشکەشی تۆی دەکەم ئەم بەژن‌و بالآیە

(بەژنی خۆی دەستنیشان دەکا)

کە سەروی رەوانی بهەشتی خودایە

چاوەڕێم ئەمشۆکە لە بەژنم میوان بێ
بە زاوای لێ هاتووی حەوت گەورە میران بێ

سەر خێلی دوژمن :

(وەك شێت تاو دەداتە مەیدانو دەستی بۆ لای کچەمیر هەلدەبڕێ)

ئەم بەژنو بالایەت هی خۆمە تالانە
ئەمشۆکە غەنیمی حەوت بڕات میوانە

سوار :

(هەلدەکوتێتە سەری)

ئەی پیسی بەد فەڕی بە شێوە شەیتانی
بەم خوایە ئەمشۆکە لە دۆزەخ میوانی ٠

(دەیداتە بەر شیرانو دەیگلێنێو نەختە نەختەو لە گەڵ ئاوازێکی لاوك پەردە دادە درێتەوە) ٠

O

---

١ ـ لەژمارە (٣٣) ی گۆڤاری (کاروان) دا بلاوکراوە تەوە ٠

غەزەل

تالەسەر پەردەی دڵم ئەم شۆخە نشتەر بادەدا
لاپەڕەی روو ڕەش هەموو رازی دڵم بەربا دەدا

ئەی خودا لەم بەژن و باڵایە نەمامانەی ، کەچی ؛
روومەتی گوڵ ، بسکی رەیحان لێوی تام خورما دەدا

دڵڕەقێکی وایە هیچ باکی بە ئازارم نیە
تا گوڵێکم پێ دەدا سەد بەرد بەسەر سەرما دەدا

گەر هەبێ مەیلی ؛ بەهارێکە ژیانی عاشقی
گەر بڕەنجێ هەر وەکو بەفری چلە سەرما دەدا

باسی ماچم کرد ،گوتی: گیانت؟گوتم : بێمەرووەتی
پێکەنی‌و فەرمووی ؛ کە ماچی لێوی دلبەر وادەدا

ئای چ گەنجێکە لە نێو کانی دڵمدا نەخشی رووت
بۆیی تەبعی شاعریم یاقووت و گەوهەردا دەدا

٥

غەزەل

مەلـی گیانم بلند پەروازە ئیمشـەو
لەگەڵ دڵ چونکە یـارم سازە ئیمشەو

چە ئاهەنگـێ دەگێڕی دڵ لـە سـینە
هوزارێکی چ خۆشـ ئاوازە ئیمشەو

لـە دوو چـاوی نگارمـدا دیـارە
ستارەی بەختەکەم هەورازە ئیمشەو

بـەڕاسـتی دڵـگوشـادو بـەختیارم
لەلام جەژن و شەوی دڵخوازە ئیمشەو

دەوامـی بـێ خـودایە نیعمەتی تـۆ
کە نـازی یارەکەم شانازە ئیمشـەو

خەیـاڵم بـۆ شـکاری شعری ناسـك
لـە ئاسمانی غەزەلدا بـازە ئیمشەو

٥

غەزەل

دوو سەرە ــ هاوینی : ١٩٥٦

روو لــە قیبلەی دڵ دەکەم هاوار دەکەم ئاخ دلبەرێ
دوور لــە باڵای تــۆ دڵــی زارم ئــەوا هاتــە دەرێ

وەك سەحەرگاهان دەناڵێنم لــە تاوی عشقی رووت
بلبلی خۆشخوانی ئاســمانان پــەڕی هەڵــدەوەرێ

بەم چلەی هاوینە دڵ ڕێی دەشتی شــامی گرتەبەر
فێری لای تۆیە لــە سینەی کــون کونــم دا ناوورێ

بای بیابانی ئەگەر باغاتی غووتــەی تێکشکانــد(١)
گەردەلوولی ئاخــی حەســرەتناکە گەییە وێندەرێ

شەرتە ئەمجارە ئــەگەر دەســتم بگاتە گەردەنــت
قەت هەڵینەگرم وەگەر لێیدەن بەنووکی خەنجەرێ

○

---

١ ــ غووتە = غوطە = باخەکانی دەورەی شاری دیمەشقە .

غــەزەل

لـۆمەی مەكـە توخـوا دڵەكـەم مەسـتی خەیاڵـە
نێـو باوەشـی خۆشـی بتەكـەی مەنـزڵو ماڵـە

نایێتەوە نێــو خانــەیی سـینەم بــە نەسـیحەت
هەنــد بەدنمــەكو لامــڵو بــێ هــۆش‌و منــاڵـە

پێم گـوت وەرە ، خوێنت دەدەمێ بیمــژە ، خۆشــە
گریاو گــوتی : ناخۆمەوە ئەو شــەربەتە تاڵــە

نایێمەوە نێـو خانــەیی سـینەی وەكـو زینــدان
وەك بلبلـی ئاســوودەمە لــەم مێــرگ‌و نەواڵــە

لێرانــە لــە نێـــو جەننــەتی ئامێــزی حەبیبــەم
پــڕ بــاغی گــوڵو ســونبلە پــڕ نێرگــزو لالــە

خۆراكمــە شــیرەی دەمــی خونچــەی نەشكوفتــە
بــۆ نۆشــەمەنی ، شەربەت‌و شــەكراوی حەلاڵــە

لەم گولشەنی لاهووتی‌یە چۆن بێمــەوە ناســووت
ئــەم گولشــەنە لای باهــونەران دۆخــی كەماڵــە

٥

غـــەزەل

گیانە دڵەکـەم عاشـقی چـاوو روخی تـۆیە
کون کـون بوە نیشـانی موژەو تیری برۆیـە

هاتو بەتەمای راوی غـەزالەی خوتەنت بـوو
نەیزانی کـە وەك چـۆلەکە نێچیری هەڵـۆیە

وەك تاقی برۆت خەم بوە گەر قامەتی شەنگـم
باری غەمی دووریتە لە سەر شانم کـە کـۆیە

فەرمووتە بەهای ماچی دەمت رووحی رەوانـە
حەیفە بە خودا وەعدی هەموو جارت درۆیـــە

مەعلوومـە کەوا شـاژنی ئیقلیمی جـوانیی
بەم پەرچەمی زێرینە کـە وەك تاجـی شکۆیە

٥

غــــەزەل

لــە دووریت تــووشــی ســەد دەردو بەلآمــە
کەچــی جــارێــك نەزەر ناکــەی بــەلامــا

فــدای ئــەو بــەژنو بــالآیــەت دەبــم من
کــە هێندە جــوانو هێشــتا نــەو نەمــامــە

لــە بۆیێــك بــۆنی زولفت وەختــە بمــرم
لــە بــۆ مــاچێکــی لێــوت هــەر نەمامــە

تەمــای دیــداری، تۆمــە گــەر شــــەوو رۆژ
وەکــو ســۆفــی وەهــا دەســتەو دوعــامـــە

لــە ئەحــوالی منــی شـــەیــدات بپــرســە
بزانــە چــەنــدە پــێ شــێلی جــەفــامــە

وەرە ئــەی نــووری بینــای چــاوەکــانــم
ســەری کــولمت لــە تــاریکــی چــرامــە

(عەلی) قــوربان لــە بــاخی ســینەکەی تــۆ
بە هیــوای دوو شــەمامــەی زۆر بــەتامـــە

٥

غەزەل ـ پارچە

بە قوربان ئاگری دووریت لە دلـدا جۆشـی تەندوورە
ئەگەر مەیلێ نەفەرمووی تاقەتو خـۆشیم لەتەن دوورە

وەکو یاقـووب نەماوە نـووری چـاوم هێندە بنـوارم
وەکو یاقووت ئەوەندەی گریەکەم فرمێسکەکەم سوورە

شەوو رۆژ بێ خەو و خۆراکو بێ وەستانو سەرگەردان
دەسووڕێم ئۆقـرە ناگرم زامی دڵ هێندە بـە ناسوورە

و هات شێواندووم خەڵکـی بەشێت ناوم دەبەن هێشـتا
لـە لام هەروەك خەڵاتی لێـوتە ئـەم نـاوو ناتـوورە

ه

پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی (وەفایی) [١]

پێم گوت بەسە ئەی شۆخی دەم و لێو وەکو یاقووت
ئەم جەورو ستەمکارییە بۆ عاشقی مردووت
نەك کارێ بکا ئاخ و هەناسەی لەگولی رووت
« یارهاتە تەبەسسوم بە هەناسەی منی مەبهووت »
« گوڵ گوڵ بە نەسیمی سەحەری خونچە دەپشکووت »

فەرمووی بەهەناسەت ، وەرە ئەی عاشقی پڕ غەم
ئەم زولفە وەلادەو بە زمان بسڕەوە کەم کەم
ئەو خاڵە رەشەی کەوتوەتە سەر سەری کولمەم
« وا زولفی لەسەر رووومەتی لاچوو بە هەناسەم »
« شەو فەسلی بەیان بووکە نەسیمی سەحەر ئەنگووت »

دووریت بەخودا ئاگرە توندتر لەگڕی نەوت
تەشریف بکە ساتۆو حەقی خوای دێرەوو مزگەوت
وێرانترە سینەی منی بێچارە لە ئەشکەوت
« هارووتی دڵم هات و لە چاهی زەنەخت کەوت »
« سەرگەشتە لەدووی غەمزەوو دوونێرگزی جادووت »

لێوت بە خەتا نەمری بە کوشتاری گولاندا
چاوت بە هەزار تیری بژانگی لە نیشاندا
زولفت لە هەموو لاوە کەمەندی لە ملاندا
« ئەبرۆت مەدەدی زولفی بەکێشانی دلاندا »
« بۆیێکە وەها خەم بوە شاهێنی تەرازووت »

ئەم کۆمەلە دلدارە کە بێ سووچو گوناهن
بۆ دەفعی ستەمکاری بەبێ پشتو پەناهن
حەقیانە کەوا دڵ بە خەمو دەم پڕی ئاهن
« سەف بەستە هەموو مونتەزیری ئەمرو نگاهن »
تابووری حەبەش لەشکری چین عەسکەری هیندوت

فەرمووی (علی) ئێمە کە کچین نووری خوداین
دلسۆزی هەموو عاشقەکی راستو وەفاین
پێم گوت بە خودا ئەی کچی بێ مەزهەبو ئایین
« هەرییێکە لەلایێ بە تەمای قەتلی (وەفایی)ن »
« قوللابی موژەو چاوی رەشو گۆشەیی ئەبرووت »

○

١ ــ لەپەنجاکاندا لە گۆڤاری (هەتاو)دا بلاوکراوتەوە ٠

نامه

بۆ مامۆستا موخلیس
«حاجی مەلا خلیلی سنجاوی»

موخلیسا ئای چەند پەشێوو عاجزم
دوور لـە یارانی وەفادار زۆر کـزم

ساڵەکە ئاگـام لـە ئەحوالتان نیـە
عومرەکە دوو چـاری دەردی پایـزم

شـەرمەزاری بـا وەفـایی ئێوەمـە
سەیری بۆیێ رەش بوە رووی کاغەزم

ئەی خەزینەی پڕ لە گەنجینەی وەفـا
بـێ بەشـم رێـم دە کەمێکت لێـدزم

بێ وەفایی بـوو بـە ئەخلاقی زەمان
کێ دەپرسی!کوانی دۆستو کوا خزم

ئەو کەسەی پارووم دەنایە نێو دەمی
پێم دەڵێ رۆژوایـەوەك سـەگ دەتگەزم

تف لـە ئەخلاقو رەووشتی ناتـەواو
تف لـە دنیـای نالـەبارو ناحـەزم

گوێ مـەدە بەزمی زەمانە چاوەکەم
کێـو بە لەقەی پیـاوی کـەرنابێ نـزم

گەرچـی سـەرتاپا نقـوومی نەکبەتیم
مەعـدەنی زێـڕی خـولاسـەم نـاڕزم

دیسان بۆ مامـۆستا موخلیس

دوو ســەرە ، گەر تـۆ نەبوویتایە لـەوێ
دوور نەبوو چـاوم ئیتر پـێی نەکـەوێ

کۆی یـارانـم ئـەمێـســتاکـە دەڵێـن
کوندەبۆی تێـدا شـەوو رۆژ دەسرەوێ

هـەر وولاتێك خۆشەویستیی لـێ نەمـا
قـەت گـوڵی مهـرو وەفـای ناپشـکوێ

یێـك دڵـۆپە کـە ڕژا ئـاوی رووان ،
لـە دڵان ، دڕکـی جەفـای پـێ دەڕووێ

هێنـدە ژەنگـی بـێ وەفـایی گـرتـوە
دڵ سـپی نایێتەوە ســـەر لـە نــوێ

ئەم دڵەی من وەکـو مەنسوورە مـەگـەر
خوێنی لێ دەڕژێو لە گـەڵ حەق دەدووێ

○

نامەو وەڵام

لە (موخلیس) موە :

ئەهلی دینم بت پەرستی کارمە
با خەلیل بم ئازەری ڕەفتارمە

چیم لە ناحەز لوتفی یارم گەر هەبی
ئاگری نەمروود وەکو گولزارمە

وەڵام : بۆ موخلیس :

ئەهلی دنیام خۆشەویستیم رابەرە
ئاگری من ، عشقی چاوی دلبەرە

وەك دەفەرمووی (لوتفی یارم گەر هەبی)
گوڵشەنێکە بۆ منیش ئەم ئاگرە

ئافەرین بۆ شعری بەرزو ناسکت
موخلیسا ، تەبعی ڕەوانت کەوسەرە

شعری من ، چاکی ئەگەر مرواریە
شعری تۆ هەر کووی بنووسی ؟ گەوهەرە

٥

پەسند کردنی « باخی لاوان »

(دیوانی چاپ نەکراوی شـاعری گـەورە « موخلیس » • کـاتێ خۆی « ئیمام و مودەرِیسی » گوندی ــ دووسـەرە •)

چــە باخ‌و گوڵشەنێکە چـاوەکەم ئـەم بـاخی لاوانـە
چە نەخش‌و دەفتەرێکە ئەو هەموو هەڵبەست‌و دیـوانە

بــە گەنجی خسـرەویی ناگۆڕِتەوە بەیتێکی خاوەن دڵ
لە نەغمەی مەسنەوی لاخۆشترە ئەم شعرە خۆشـانە(۱)

ســروودی بلبلانــەی شـاعرێکی مەعریفــەت خــــوازە
نمــوودی عــاشـقانەی عــارفێکی بــا دڵ‌و گیـانـــە

ئەوی دڵداری دیداری گوڵانە ، هانی چەپکی گــوڵ •
ئەوی تینووی شەرابی کۆنە ساڵە ، فەرموو ، مەیخانــە

وەکوئەرژەنگی مانی هەر پەڕەی نەخشێکە رەنگاورەنگێ(۲)
وەکــونارمــووشی چینــی لایقی ســەر شـانی‌خاقـانــە

وەکو دەشتی قەراجی سەردەمێك ، پارچەی بەهەشتێکە
وەکو لاڕوومەتی پێـری دزەییـان مانگی تابانـە(٣)

بەراستی شـاعرێکی بـێ میسـالە مـوخلیسی خـۆمان
بەراستی رابەرێکی شـارەزای رێی عشـقی یەزدانـە

مەلایە ، گۆشـەگیرە ، حاجی‌یـە ، سنجاوی‌یە تیـرەی
بەڵام خۆش تەبعو پەروەردەی هـەواو خاکی دزەییانـە

خودایە تۆ دەوامی هـەر بـدەی تاعومری سـەد سـاڵی
جماتی عاشقان مەحرووم نەکەی قەت لـەم غەزەلخوانە

○

---

١ ــ مەسنەوی = مەبەست مەسنەوی مەعنەوی‌ی (رۆمی)یە ٠

٢ ــ ئەرژەنگ = کتێبـی پیرۆزی (مانی) بـووەو نەخشکاری موعجیزەی بووە ٠

٣ ــ دەستنیشان کـردنی هەنـدی هەلبەستەکـانی شاعرەکە لـە بارەی دەشتی قەراجی نووسـیوە ٠

بۆ کاک عزیز رشید دزەیی

دیمەشق ـ ١٩٥٥

لە کاکی خۆت دەپرسی چۆنە حاڵی ؟ !
دڵی بۆتان نەخۆشێکەو دەناڵی

دەروونی ئاگرو جەرگی بەداخە
سەری شێواوو ئاڵۆزە خەیاڵی

ئەوەندە دەردی دووریتان گرانە
ئەمێستا زەعفەرانە رەنگی ئاڵی

خودایە کوا بەهاری نیشتمانم !
گوڵو گوڵزارو سروەی بای شەماڵی ؟

لە کوێی ئەی ئاوی شیرینی وڵاتم
هەمی دنیام بە جارێك رابماڵی ؟

(علی) شعرت لە حەسرەت ئاوی کوێستان
دەدا پەنجە لەپەنجەی شعری (ناڵی)

o

نامەیێکی ناتەواو

عەزیزم تۆ لە کویستانی وولاتی
لە گەرمێنا منیش ماوم بەماتی

لە بەر هالاوی باو تۆزی بیابان
وەکو چیلکەم وها نیمە تەڕاتی

سەبووریم نایێ بێ ی خاکی وولاتم
بهەشتیشم ئەمن ناوێ لەباتی

دلم خۆش بوو کەبیستم سەردەدەی لێم
لە مێژبوو چاوەڕێ بووم هەرنەهاتی

o

پێرست

لاپەڕە

پێشەکی ٥

خورپەی دڵ

١ ـ لەگەڵ ڤالنتینا ٢٣
٢ ـ کاری دڵداری ٢٨
٣ ـ بۆ شۆخێکی «ن٠» ناو ٠ ٣٠
٤ ـ گلپەی خۆشەویستی ٣٢
٥ ـ سکاڵا ٣٤
٦ ـ وودمی دڵداری ٣٥
٧ ـ لافاوی خۆشەویستی ٣٧
٨ ـ یادێکی کۆن ٣٩
٩ ـ بۆ جوانێکی کۆلێجی ئەدەبیات ٤٠
١٠ ـ پێکەنە ٤٣
١١ ـ بۆ جوانێك ٤٤
١٢ ـ خەونێکی خۆش ٤٥
١٣ ـ سەرەنجامی تاریك ٤٦
١٤ ـ ئەی یارەکەم ٥١
١٥ ـ لە شەوی بەڕێ کەوتنێکدا ٠ ٥٢
١٦ ـ بڕگەیێك لەهەڵبەستێکی (خلیل جبران) ٠ ٥٣

وورووژانی دەروون

١٧ ـ شاعیری بێ دەنگ ٧٥

١٨ ـ دیمەنێکی بەهار ٥٩
١٩ ـ کەسك و سۆر ٦١
٢٠ ـ یادێکی رابردوو ٦٣
٢١ ـ کۆچی تەمەنی لاوی ٦٥
٢٢ ـ بای دەفلووس رۆن ٦٨
٢٣ بۆ شاری هەولێر ٦٩
٢٤ ـ شوێنەواری بەعلەبەك ٧٦
٢٥ ـ یادێکی ڤیەنا ٨٣
٢٦ ـ دەردی دووری ٩١
٢٧ ـ بارەگای یەزدان ٩٣
٢٨ ـ بەیادی مەولانا جەلالوددینی رۆمی ٩٦
٢٩ ـ لەگەڵ کاروانی دڵاندا ٩٩

سروودی سەربەستی

٣٠ ـ چرای سوکرات ١٠٥
٣١ ـ کارەساتی سەربەستی ١٠٧
٣٢ ـ دیسان سەربەستی ١١٠
٣٣ ـ هەمیشە سەربەستی ١١٢

خرۆشی خوێن

٣٤ ـ بەیادی پێشەوای شەهید ١١٧
٣٥ ـ بەردێك و جامی سەرێك ١١٩
٣٦ ـ بەیادی میری سۆران ١٢١
٣٧ ـ بۆ کۆریا ١٢٤

٣٨ ـ سەنگەری ئازادی ١٢٨
٤٠ ـ نامەیێك لە بەندیخانەوە ١٢٩
٤١ ـ بۆ مامۆستا گۆران ١٣١

فرمێسك و شیوەن

٤٣ ـ فرمێسك ١٣٥
٤٤ ـ شیوەنی کاکە (مجید جوکل دزەیی) ١٣٦
٤٥ ـ شیوەنی (حسن تۆفیق) ١٣٩
٤٦ ـ شیوەنی (مەلا حسین) ١٤٢

شانۆگەری

٤٧ ـ شانۆگەرىی سوار و کچە میر ١٤٧

غەزەل

٤٨ تا لەسەر پەردەی دڵم ١٦٧
٤٩ ـ مەلــی گیانم ١٦٨
٥٠ ـ روو لە قیبلەی دڵ دەکەم ١٦٩
٥١ لـۆمەی مەکە ١٧٠
٥٢ گیانە دڵەکەم ١٧١
٥٣ ـ لـە دووریت ١٧٢
٥٣ ـ بەقوربان ئاگری دووریت ١٧٣
٥٤ ـ پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی (وەفایی) ١٧٤

نـامـــه

٥٥ ـ بۆ مامۆستا موخلیس ١٧٩
٥٦ ـ دیسان بۆ موخلیس ١٨٠
٥٧ ـ نامەو وەڵام ١٨١
٥٨ ـ پەسەند کردنی دیوانی (باخی لاوان) ١٨٢
٥٩ بۆ کاك عزیز رشید دزەیی ١٨٤
٦٠ ـ نامەییێکی ناتەواو ١٨٥

پێرستی هەڵبەستەکانی عەرووزی

١ ـ لافاوی خۆشەویستی ٣٧
٢ ـ بۆ جوانێکی کۆلێجی ئەدەبیات ٤٠
٣ ـ پێکەنـە ٤٣
٤ ـ ئـەی یارەکـەم ٥١
٥ ـ بڕگەییێك لەهەڵبەستێکی (خلیل جبران) ٥٣
٦ ـ دەردی دووری ٩١
٧ ـ پارەگای یەزدان ٩٣
٨ ـ بە یادی مەولانا جەلالوددینی رۆمی ٩٦
٩ ـ لەگەڵ کاروانی دڵاندا ٩٩
١٠ ـ مەنگەری ئازادی ١٢٨
١١ فرمێسك ١٣٥
١٢ ـ شیوەنی مەلاحسین ١٤٢
١٣ ـ هەموو غەزەلەکان ١٦٧
١٤ ـ هەموو نامەکان ١٧٩

بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر

١ ـ ئەو بەهاری ئەحمەدی خانی و ئەحمەدیی شێخ مارفی نۆدێ.
(لێکۆڵینەوەو بەراوورد کردن)
٢ ـ ملوانکەی ئەلپاس
(کۆمەڵێك لە کورتە چیرۆکەکانی گیدی مۆپاسان)
لە ئینگلیزییەوە کراون بە کوردی .

○

دەستنووسەکانی

ئەحمەدی خانی و داستانی مەم‌وزین لە ڕێبازی بیری ئیسلامیدا .
(لێکۆڵینەوەو بەراوورد کاری)

بابەکانی سەرەکیی دەستنووسەکە لە ژمارە (٣) ی گۆڤاری (نووسەری کورد) ی ساڵی (١٩٨٥) داو ، لە ژمارەکانی(٢٤، ٤٣ ، ٤٦ ، ٥٢) ی گۆڤاری (کاروان) دا بڵاوکراونەتەوە .

له چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان

نرخی (١) دینارە

٣٠٠٠ دانە چاپکراوە

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی (٤٢٥) سالی ١٩٨٧

چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان / هەولێر

تکایە پێش خوێندنەوەی دیوانەکە ، ئەم ووشــە چەوتانــە راست بکەنــــەوە .

لاپەڕ	دێــڕ	چــەوت	راســت
٣	١	دیارێ بێ	دیاری بێ
٧	١	ویردانی	ویـژدانی
١٨	١	کەروك	کەرکووک
١٨	٧	بووم ...	بووم و بەیانی
١٨	٢٥	قەدریان	قەدری [illegible]
٢٤	١٦	بـ[illegible] .	یان نەیەلەو
٣٢	١١	وەك مـ[illegible]	وەك موریدی
٣٤	٧	نەبیرەوەدی	نەبیرەوەدری
٣٥	١٣	ووشەیێکیوا	ووشێکیوا
٣٨	٤	جار جار	جار جــارە
٤١	٩	پێی گوت	پێمی گوت
٤٨	١٢	پرچی درێر	پرچی درێژ
٥١	٨	هێندە ...	هێند زارەدڵ
٥١	١٤	ئەم برینە	ئەم برینەم
٥٧	١٣	سەهۆلبەنەی	سەهۆلبەندی
٨٧	٣	لەر نامەی	بەر نامەی
١٢١	٩	چاکی کۆن	چەکی کۆن
١٢٢	٣	بەنجا ...	پــەنجــا
١٢٤	٢	لافاوی دەکا	لافاو دەکا
١٣٢	١	گۆرانیی	گۆرانی خۆشم
١٣٦	١٠	ریشە گیانم	ریشەی گیانم
١٩٠	١٧	لە گەڵ کاروانی دلاندا :	

بەیادی رێبوارانی رێگای خۆشەویستی

دیوان بشعر
«١»

عواطف وتأملات

علي فتاح دزەیی

١٩٨٧

دەرهێنانی هونەری و بەرگ
محمد زادە

سەرپەرشتی چاپ
علی خورشید

نرخی دینارێکە

لە کتێبخانەی نیشتمانی بەغدادا
ژمارە «٤٢٥» ی ساڵی ١٩٨٧ ی دراوەتێ

مطبعة الثقافة والشباب / اربیل